Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2020-2021
Vol. VI, No. 2, Series 10

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۳۹۹
سال ۶، شماره ۲، پیاپی ۱۰

# کاریگەریی ئایدیۆلۆجی لەسەر بەسووژەبوونی تاکی کورد لە پەیوەندی لەگەڵ زمانی دایکدا: خوێندنەوەی ڕۆمانی *پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی*

مەزهەر ئیبراهیمی[1]

نوع مقاله: پژوهشی

تاریخ دریافت: ۱۲ شهریور ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۱۹ بهمن ۱۳۹۹؛ صص. ۸۷-۱۰۸

DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.283

## پوختە

وتاری بەردەست، پەرژاوەتە سەر پرسی زمان لە نێو کوردەکان لە تورکیا و باندۆری ئایدیۆلۆجی لەسەر پێڤاژۆی بەسووژەبوونی تاکی کورد لە هەمبەر زمانی دایکدا. بەم پێیە، ڕۆمانی *پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی* نووسینی شەنەر ئۆزمەن، بەگوێرەی کۆمەڵێ چەمک وەک «ئایدیۆلۆجی»، «دەزگای سەرکوت و دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی دەوڵەت» و «سووژە و پێڤاژۆی بەسووژەبوون» لە تیۆریی ڕەخنەیی لویی ئاڵتوسێر، خوێندراوەتەوە. لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات دەسەڵاتی تورکیا هاوکات لەگەڵ سەرکوتی فیزیکی، لە ڕێگەی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانەوە، پێڤاژۆی پاکتاوکاری و پەراوێزخستنی زمانی کوردیی پێشخستووە. چوار دەزگای چالاکی هاودەستی دەوڵەت لەم پەیوەندییەدا بریتین لە دەزگای ئایینی، خێزان، خوێندنگە و میدیا، کە توانیویانە لە چێ‌کردنی سووژەی ملکەچدا بە تەواوی سەربکەون. ئەم سووژانە، هاوکات لەگەڵ کردەی ئایدیۆلۆجیک، لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرکوتەوە، زۆرترین ئاستەنگیان بۆ سووژە سەربزێو و بەرەنگارەکان ناوەتەوە. پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە، لە پێگەی سووژەیەکی زمانپارێزدا، ملکەچی ئایدیۆلۆجیی زاڵ نابێت؛ بۆیەش دەکەوێتە بەر هەڕەشە و لە کۆتاییدا بە دەستی سووژەیەکی فریودراوی دەزگای ئایینی دەکوژرێت. سووژە گوێڕایەڵەکان، لە ژێر کاریگەریی هەر دوو جۆر دەزگای سەرکوت و ئایدیۆلۆجیکدا هەڵسازراون؛ بەڵام دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان باڵادەستترن و توانیویانە سووژەی دەستاژۆی زمانی بە سەرکەوتوویی بنیاتبنێن؛ بە جۆرێ کە، سووژەکان بۆخۆیان، «ئازادانە» ڕەوشی داسەپاو بەرهەم دەهێننەوە. سەرکوتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، سەرکەوتنی ئایدیۆلۆجیی زاڵ، بەرخۆدانی بێ‌ئاکام، هیوابڕاوی و دۆڕان کەشی زاڵی ڕۆمانەکە پێک‌دەهێنن. سەرەڕای ئەمانەش، پەشیمانیی بکوژ لە کوشتنی سەرلەهەنگ (پاڵەوانی سەرەکی) و گەیشتن لە ڕاستیی ڕوانگەکانی ئەو لە کۆتایی دەقەکەدا، ئاماژەن بۆ بەردەوامبوونی ڕەوتی بەرەنگاری و بەرخۆدان.

**وشەگەلی سەرەکی:** زمانی کوردی؛ ئایدیۆلۆجی؛ دەزگای سەرکوت و ئایدیۆلۆجیکی دەوڵەت؛ سووژە؛ پێشبازیا چیرۆکێن *نەقەدیایی*.

## چکیده

هدف پژوهش حاضر، واکاوی مسئله زبان مادری در میان کردها در ترکیه و بررسی تأثیر ایدئولوژی بر روند سوژگی فرد در رویارویی با این مسئله است. به همین منظور، رمان *مسابقەی داستان‌های ناتمام* (*پێشبازیا* چیرۆکێن *نەقەدیایی*) اثر شنر اوزمن، بر مبنای مفاهیم انتقادی «ایدئولوژی»، «دستگاه‌های سرکوب و ایدئولوژیک دولت» و «سوژه و روند سوژه‌شدگی» در نظریه لویی آلتوسر مورد خوانش قرار می‌گیرد. پژوهش حاضر نشان می‌دهد که در روند به‌حاشیه‌رانی و پاکسازی زبان کردی، دستگاه‌های ایدئولوژیک، همسو با دستگاه سرکوب دولت، حضور پررنگی دارند. خانواده، مدرسه، مذهب و رسانه، به عنوان چهار دستگاه ایدئولوژیک فعال در این روند، در برساخت سوژه تحت انقیاد، تا حد زیادی موفق عمل کرده‌اند. سوژه‌های مذکور، در هماهنگی کامل با دولت، سوژه¬های نافرمان را شدیدا تحت فشار قرار می‌دهند و علاوه بر کنش ایدئولوژیک، از سرکوب مستقیم و فیزیکی نیز بهره می‌گیرند. قهرمان رمان، به مثابه سوژه‌ای نافرمان و حامی زبان مادری، ایدئولوژی مسلط را برنمی‌تابد و از این رو، مورد تهدید و تهاجم دستگاه‌ها و سوژه‌های منقادشان قرار می‌گیرد و در نهایت به دست سوژه‌ای برساختۀ بنیادگرایی مذهبی کشته می‌شود. سوژه‌های فرمانبردار، محصول مشترک دستگاه سرکوب و ایدئولوژیک هستند، اما دستگاه‌های ایدئولوژیک نمود بیشتری دارند و در تولید سوژه زبانی مطلوب دولت، موفق‌تر عمل نموده‌اند؛ به طوری که سوژه‌ها «آزادانه» و به دلخواه خود وضعیت تحمیل‌شده موجود را بازتولید می‌کنند. در کل، فضای مسلط رمان، ایدئولوژی، مقاومت بی‌فرجام، سرخوردگی و شکست است. البته ذکر این نکته هم ضروری می‌نماید که با وجود شرایط مذکور، پشیمانی قاتل از کشتن قهرمان و درک حقانیت نگرش‌های وی در پایان رمان، بیانگر تداوم روند رویارویی و ایستادگی هستند.

**واژگان کلیدی:** زبان کردی؛ ایدئولوژی؛ دستگاه‌های سرکوب و ایدئولوژیک دولت؛ سوژه؛ *مسابقه داستان‌های ناتمام*.

۱. کارشناسی ارشد زبان و ادبیات کردی، آموزش و پرورش استان کردستان، سنندج، ایران
mazharebrahimi@gmail.com

## ١- پێشەکی

دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ئێتنیکی، فەرهەنگی، زمانی و ئاییینیی پێکهاتە جۆربەجۆرەکان، بەردی بناغەی شەڕ و ململانێ و پاکتاوی هەمەلایەنەی لە ناوچەکەدا دانا. بەرهەمی ئەم سیستمە نوێیەی ڕۆژئاوا بۆ گەلە پەراوێزخراوەکان، چەوسانەوە و هەڕەشە و هێرشی بەردەوام بووە بە مەبەستی یەکسانسازی و سڕینەوەی ناسنامەی جیاوازیان. لەم نێوەدا زمان، وەک هێمانێکی گرنگی پارێزەری فەرهەنگ و پێکهێنەری سوبژێکتیڤیتە، بە شێوەی سیستماتیک کراوەتە ئامانج. زمان ئەستوونی سەرەکیی ناسنامەی ئەم گەلانە و لەوانە گەلی کوردە و ترازانی ئەم ئەستوونە، بە واتای لێکترازانی پارچە پێکهێنەرەکانی ناسنامەیانە. زمانی کوردی، وەک نموونەیەکی بەرکەوتووی سیاسەتی ئاسمیلاسیۆن، لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە هەڕەشەی دەوڵەت-نەتەوەی تورکی لە سەر بووە؛ بە چەشنێ کە ئەمیر حەسەنپوور سیاسەتی ئەم چەشنە لە دەسەڵاتانە بە «زمانکوژی» ناودێر دەکات (شێخولئیسلامی، ٢٠١٨: ٢١٩).

وڵاتی تورکیا، بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو، تاقیگەیەکی گەورەی سیاسەتی زمانکوژی بووە. لە کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانی، واتە لە ساڵی ١٨٧٦دا، زمانی تورکی لە دەستووری بنەڕەتیدا بوو بە زمانی فەرمی و پەروەردەیی و زمانی کوردی بۆ مەبەستی فێرکاری بقە کرا. (Çîçek, 2013: 4) پاش هەڵوەشانەوەی سیستمی خەلافەت و دامەزرانی دەوڵەتی کەمالیستی لە ساڵی ١٩٢٣ و پەسندکردنی دەستووری نوێ لە نیسانی ١٩٢٤دا، زمانی تورکی بوو بە زمانی ڕەسمی و قانوونی و هەموو دانیشتووانی تورکیا بە تورک دانران (ناوخۆش، ٢٠١٨: ١١٣). بە وتەی سەیدۆ ئایدۆگان[1] (٢٠١٤: ١٠٢) «ل ترکیایێ کوردی هەتا سالا ١٩٩١ێ ژی ژ بنقە قەدەغە بوو و باندۆرا ڤێ قەدەغەیا زمانی هەتا سالا ٢٠٠٢ان ژی دەوام دکر». بەگشتی، دامەزرێنەرانی دەوڵەت-نەتەوەی تورکیا لەو کاتەوە بناغەی پاکتاوکارییان دانا و دوای سەد ساڵ هێشتا دەسەڵاتدارانی ئێستا هەندێک جار لە وتەکانیاندا حاشا لە بوونی کورد و نیشتمانێک بە ناوی کوردستان لەو وڵاتەدا دەکەن.

مستەفا کەماڵ، بە خاپاندنی گەلانی تورکیا، پێ و پێگەی خۆی و دەسەڵاتەکەی قایم کردەوە و پاشان بە هێزی چەک و توندوتیژی، دروشمی «یەک نەتەوە، یەک زمان»ی بە سەر هەمووواندا سەپاند. ناوەندە زانستییەکانی بەرخۆری ئەم دروشمە فاشیزمانەیەش، هاودەنگ و هاوتەریب لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی و سەربازی، حاشایان لە بوونی زمانەکانی تر و لەوانە کوردی کرد؛ یان بەپێی تیۆریی هەڵبەستراوی «زمانی هەتاو»، نەک هەر زمانەکانی نێو تخووبی تورکیا، بەڵکوو هەرهەموو زمانەکانی جیهانیان کردە ژێرلقی زمانی تورکی. لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا، بۆ نموونە، وشەگەلی وەک کورد، کوردی و کوردستانیان سڕییەوە؛ ناوی شار و گوند و شاخ و چۆمیان هەموو گۆڕی و کوردانیان بە «تورکی کێوی»، «تورکی ڕۆژهەڵاتی» و تەنانەت «تورکی کورد» ناودێر کرد (Barak, 2002: 74). دوایەش، کە نەیانتوانی واقعی بەرچاو، واتە جەماوەرێکی پڕهەژماری ناوچەیەکی بەرینی جوگرافیایی و زمانە جیاوازەکەیان بشارنەوە، زمانی کوردییان بۆ بیست وشە دابەزاند و بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە هەموو وشەکانی تری لە زمانەکانی دەوروبەرەوە وەرگیراون. ئینجا هەر کەسیش بە ئەم «زمانە بیست وشەییە» قسەی بکردبایە، بەرەوڕووی جەزا و جەریمە دەبووەوە (Çîçek, 2013: 3, 6, 14). پۆلات لە کتێبی *ئێشا زمانێ منداا* بیرەوەریی یەکەم ڕۆژی خوێندن و هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەری خوێندنگە و بەتاوانزانانی ئاخافتن بە کوردی، تەنانەت لە ماڵەوەدا، ئاوەها دەگێڕێتەوە:

---

[1] Seydo Aydogan.

زارۆکێن کو ژ هەڤ حەز نەدەکرن ئەو بێن کو د ناڤبەرا هەڤ دە پرسگرێکەک هەبوو، هەڤ ئیخبار دکرن کو یێ دن ب کوردی ل مال ئان ژی ل دەرڤە ئاخاڤییە. پاشێ پاشێ من فێم کر کو مدوور ل سەر قەدەخەکرنا کوردی دسەکنی؛ د هەر رۆژا دوشەمێ پشتی مەراسما «کورکما سونمەزی[1]» د ئاخافتنا خوە دە دگۆت کو «کیم کورتچە کونوشورسا گەلین بانا سویلەیین.[2] (۲۰۱۵: ۷۱)

ئۆکتەم[3] (۲۰۰۸) لە وتارێکی تێروتەسەلدا، بە وردبینییەوە سیاسەتی دەسەڵاتەکانی پاش خەلافەتی عوسمانی لە پێناو ئەندازیاریی دێمۆگرافیک و گۆڕینی ناوی شوێنەکان، تاوتوێ کردووە و ئەم کردەوانەی لە چوار شەپۆلدا خستووەتەڕوو. لە شەپۆلی یەکەم (۱۹۱۵-۱۹۲۲) و لە بن دەسەڵاتی «کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی»دا، زیاتر لە ملیۆنێک ئەرمەنی، سریانی و چەندین کۆمەڵگەی کوردی دوورخرانەوە و ناوی شوێنەکانیان هاتەگۆڕین. لە شەپۆلی دووەمدا (۱۹۲۳-۱۹۵۰)، هاوکات لەگەڵ دامەزرانی کۆماری تورکیا، ئەم کردەوانە پەرەدەستێنن و دەچنە نێو دەستووری نوێوە و دوو ڕێکخراوی «ئەنجومەنی کۆمەڵناسیی تورکیا» و «ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی دیرۆکی تورکیا»ش ڕەنگ‌وبۆنی زانستییان پێدەدەن. لە شەپۆلی سێیەمدا (۱۹۵۱-۱۹۸۰)، بەرەوڕووی سیستماتیک‌ترین قۆناغی ئەم سیاسەتە دەبینەوە کە بە دامەزرانی «کۆمیسیۆنی تایبەت بە گۆڕینی ناو» دەست پێدەکات. لە شەپۆلی چوارەمیشدا، واتە لە هەشتاکانەوە، کە وردەوردە ڕوانگەی تورکی-ئیسلامی جێی ڕوانگەی تورکی-سکولار دەگرێتەوە، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە باکووری کوردستان، کاولکردنی گوندان، جێخستنی تەواوی ناوە گۆڕدراوەکان و گۆڕینی ناوی پاشماوەی شوێنەکان، بە شێوەی هۆڤانەتر، دەست پێدەکاتەوە و هەتا نهاش بەردەوامە (ژورناڵی ئورووپایی لێکۆڵینەوەکانی تورکیا: www.ejts.org).

لە هەوڵێکی تردا و لە پێناو پەکخستنی زیاتری زمانی کوردی بە توندی ڕێگری لە نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاڤۆک کراوە؛ بە چەشنێ کە لە ماوەی نێوان ساڵی ۱۹۲۳ تا ۱۹۶۵ تەنیا دوو کتێبی کوردی بڵاو کراوەتەوە. پاش ئەم ڕێککەوتەش، تا ساڵی ۱۹۷۹ ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان لە بیستی تێنەپەڕاندووە. ئەڵبەت لە ساڵی ۱۹۷٤دا لێبوردن ڕاگەیەندرا و گەلێک ڕۆشنبیر و نووسەر ئازاد کران؛ «ژ بەر ڤێ، د ناڤ سالێن ۱۹۷۵-۱۹۸۰یی‌دە وەکی تەڤگەرێن سیاسی یێن کورد، رۆژنامە و کۆڤارێن کوردی ژی کەتبوون ناڤ پێشدەچوویینەکە بەربچاڤ» (Acar, 2010: 574). لە ساڵانی ۱۹۸۰ تا ۱۹۸۹ توندوتیژی پەرەی‌سەند و تەنانەت تاقە کتێبێکیش چاپ نەکرا. لە ساڵانی دواتردا، هاوکات لەگەڵ ئازادیی سنووورداری زمان، قۆڵبەست‌کردن و ئەشکەنجە و تەنانەت تێرۆر زۆرتر بووەوە و لەو ماوەیەدا نووسەرانی ناوداری وەک مووسا ئەنتەر و مووسا دێنیز هاتنەکوشتن.

دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ۱۹۹۱دا، بە مەبەستی چوونەڕیزی وڵاتانی یەکێتیی ئورووپا و هەروەها لەبەر چالاکی و بەرخۆدانی کوردانی زمانپارێز، قانوونی قەدەغەی ئاخافتنی کوردیی هەڵوەشاندەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی بە شێوەی فەرمی دان بە بوونی زمانی کوردی لە تورکیادا نرا، «هەر رۆژ ب دەهان ئنسان دهاتن کوشتن، ب هەزاران گوند هاتبوون شەوتاندن، ب ملیۆنان ئنسان جهـ و وارێن خوە تەرک کربوون. رۆژنامەڤان و رەوشەنبیرێن کورد دهاتن کوشتن» (Acar, 2010: 577). هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی «ئەنجومەنی ڕۆژنامەوانانی هاوچەرخ»، لە ماوەی نێوان ساڵانی ۱۹۹۲ تا ۱۹۹۶، چوارده چالاکی بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردی تیرۆرکراون. هەر ئەو سەرچاوەیە ئاماژە بۆ کوژرانی چوارده هەواڵنێر تەنیا لە ساڵی ۱۹۹۳دا دەکات (Malmisanij, 2006: 18-22).

---

[1] Korkma sonmez. (سروودی نیشتمانیی کۆماری تورکیا)
[2] Kim Kurtçe konuşursa gelin bana soyleyin. (کێ بە کوردی قسەی کرد، وەرن پێم بڵێن)
[3] Oktem.

شیاوی گوتنە، لە ساڵی ٢٠٠٢، واتە یازدە ساڵ پاش هەڵگرتنی یاساکە، هەندێک چاکسازیی سنووردار ئەنجام دران. بەو پێیە، بەبێ ناوهێنان لە زمانی کوردی، ڕێ بە فێرکاریی کوردی لە ناوەندە تایبەتەکاندا درا و بەربەستی وەشانی پەرتووک و چاپەمەنی و بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن لابرا. هەروەها وەک ژێرلقێکی «زمانێن زیندی»، بەشی کوردی لە زانکۆکانی مێردین، دێرسیم، چەولیگ (بینگۆل)، وان، سێرت، ئامەد (دیاربەکر) و مووش دامەزرا. لە ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣شدا وانەیەکی بژاردە، کەوتە نێو پێڕستی وانەی خوێندنگە حکوومییەکانەوە (Çîçek, 2013: 21-3). بەڵام سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییە، وەک ئاشکرایە، دۆخی زمانی کوردی لە نێو جەماوەردا نەک هەر بەرەو باشی نەچووە، خراپتریش بووە؛ بە جۆرێ کە ئێستا زمانی کوردی بۆ پرانی گەنجان و بۆ زۆربەی زۆری زارۆکان زمانێکی نائاشنا و نەزانراوە (سەرچاوەی پێشوو: ١٤٢). ئەم ڕاستییە بۆ تاکی دەرەوەی کەشی ئایدیۆلۆجیکی تورکیا و باکووری کوردستان هەستپێکراوترە؛ واتە، گەر کەسێک بۆ یەکەم جار سەردانی ئەو دەڤەرانە بکات، بویەرێک کە زۆر سەرنجی ڕابکێشێت، بەتورکیئاخافتنی زۆرینەی کوردانە لە بازاڕ و تەنانەت نێو ماڵاندا. بۆیە ئەم پرسیارە بەرۆکی پێدەگرێت کە: بۆچی شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەل لەگەڵ زمانی خۆیاندا ئاوەهایە؟

لێکۆڵینەوەی بەردەست، بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ڕۆمانێکی باکووری کوردستان، بەگوێرەی چەمکە ڕەخنەییەکانی «ئایدیۆلۆجی»، «دەزگای سەرکوت و دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی دەوڵەت» و «سووژە[1] و پێڤاژۆی بەسووژەبوون[2]» لە تیۆریی لویی ئاڵتوسێر[3] (١٩١٨-١٩٩٠)، بیرداڕێژی مەزنی فەرەنسی، تاوتوێ دەکات. لەم سۆنگەیەوە دەیەوێت شێوەی مامەڵەی لایەنی سەردەست و بندەست لە هەمبەر ئەم پرسە گرنگەدا لێکبداتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، ڕۆمانی *پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی*[4] نووسینی شەنەر ئۆزمەن[5]، وەک نوێنەری جڤاکی کوردیی ئەم پارچەیەی کوردستان، دەپشکێنرێت و هەوڵ دەدرێت هۆکارە بەرچاو و شاراوەکانی ئاسمیلە و خۆئاسمیلەکردن و چۆنیەتی و چمایی بەرهەمهێنانەوەی ئەو ڕەوشە داسەپێنراوە ڕوون بکرێتەوە.

## ٢ـ پێشینەی لێکۆڵینەوە

بەگوێرەی زانیاریی بەردەست، تا ئێستا لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی ئاڵتوسێرەوە ڕۆمانی کوردی بە سەرنجدان بە ڕەوشی زمانی کوردی نەخوێنراونەتەوە؛ بۆیە نموونەی هاوشێوە، بە مەبەستی بەراورد و تاوتوێکردن نەدۆزرایەوە. لە وێژەی زمانەکانی تردا و بۆ نموونە لە ئەدەبی فارسیدا، چەند وتار و توێژینەوە لەسەر چیرۆک و ڕۆمانی فارسی ئەنجام دراون. لەوانە، سەجادی و ئەحمەدیڕاد (٢٠١٨)، سەفایی و کارگەر (١٣٩٥)، تاجبەخش و قاسمیپوور (١٣٩٣) و سادقی (١٣٨٧)، لە وتارێن جیاجیادا، ڕۆمانی *چشمهایش* [چاوەکانی] نووسینی بوزورگ عەلەوی، چیرۆکی «لبخند انار» [پێکەنینی هەنار] نووسینی هۆشەنگ موورادی کرمانی، چیرۆکی «بچه مردم» [منداڵی خەڵکی] و ڕۆمانی *بامداد خمار* [شەبەنگی خومار] نووسینی فەتانە حاج سەیدجەوادی-یان بەپێی بیرۆکە ڕەخنەییەکانی ئەم بیرمەندە تاوتوێ کردووە. سەبارەت بە ڕۆمانی بەرباسی ئەم وتارە، چەند نڤیس لە ماڵپەڕ و گۆڤارەکاندا بڵاو بوونەتەوە، کە پەیوەندییان بە بابەتەکەی ئێمەوە نییە، بەڵام لێرەدا هەندێکیان بەسەردەکەینەوە.

لە نموونەیەکی زانکۆییدا، ئەمین گولەر، لە تێزەکەیدا بە ناونیشانی *کاراکتەر د ڕۆمانا کورمانجیدە*، پێنج ڕۆمانی *گرێ شێران، مرنا بێیسی، پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی، قەرەبافۆن* و *سۆبارتۆی* تاوتوێ کردووە. نووسەر لە بەشی دووەمی کارەکەیدا، (Guler, 2019: 23-31) پەرژاوەتەسەر ناساندنی کەسایەتییەکان و لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆمانی بەرباسی ئێمەدا،

---

[1] Subject.
[2] Subjectivation.
[3] Louise Althusser.
[4] *Pêşbaziya Çîrokên Neqediyayî.*
[5] Şener Ozmen.

پێنج کەسایەتی، بە سەرنجدان بە دەوریان لە پێشڤەبردنی گێڕانەوەکەدا، بە کورتی، ناساندووە (سەرچاوەی پێشوو: ۲۹-۳۰). لە بەشی سێیەمدا، لە بۆچوونەکانی بێنێدیکت ئەندێرسۆن لە مەڕ دەوڵەت-نەتەوە، ڕوانگەکانی فرۆید، یۆنگ و ئادلێر بۆ شیکاریی لایەنی دەروونیی پاڵەوانەکان، بۆچوونەکانی فرانتز فانۆن[1] سەبارەت بە دوو لایەنی سەردەست و بندەست و نووسینەکانی هاشم ئەحمەدزادە لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆمانی کوردی و ناسنامەدا کەڵکی وەرگرتووە و لەم سۆنگانەوە هەوڵی نرخاندنی ڕەهەندەکانی گرێدراوی کەسایەتیی ئەم پێنج ڕۆمانەی داوە. ئەنجامی تێزەکە، هەندێ کەمایەسیی ئەم دەقانە دەردەخات کە لەوانە، کەمبوونی دیالۆگ و زۆربوونی مۆنۆلۆگە. هەروەها نووسەر پێیوایە کەسایەتییەکان، بە زۆری، سەربەست نین و باندۆری حەز و تێڕوانینی ڕۆماننووسان لە مەڕ پرسێن پەیوەست بە نەتەوە و ناسنامە و وڵات بەسەریانەوە دیارە، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کەسایەتییەکانی دوو ڕۆمانی *پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی* و *سۆبارتۆ*، لە چاو ئەوانی دیکە، بە شێوەی سەرکەوتووانەتر داڕێژراون و باشتر نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی خۆیان دەکەن (سەرچاوەی پێشوو: ۱۱۳).

بێجگە لە ئەم توێژینەوەیە، چەند نڤیسی هاوپەیوەند لە ماڵپەڕەکاندا بڵاو بوونەتەوە. لەوانە، ڤۆرال[2] بە نووسینی «*پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی* و شەنەر ئۆزمەن»، پاش شرۆڤەی زنجیرەی ڕووداوەکان، شیکارییەکی گشتی، نەک بەگوێرەی بۆچوونێکی دیاریکراو، پێشکەش دەکات. لە درێژەی نووسینەکەیدا، بە کورتی، پەرژاوەتەسەر گرنگی، شوێن-کات، شێوەی گێڕانەوە، پاڵەوانەکان و زمانی دەقەکە. نووسەر سەبارەت بە کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەنووسێت، «مرۆڤ دکارە سەرتاج کاران وەکوو جڤاکا کورد بحەسبینە. یانی گاڤا کو سەرتاج کاران دبێژە "ئەز"، دخوازە ببێژە "جڤاکا من" (bendname.wordpress.com). هەر لەم پەیوەندییە دا، فەرزان شێر[3] لە کورتە نڤیسێکدا بە ناوی «چیرۆکێن شەنەرێن نەقەدیایی» ئاوڕی لە کات، تەکنیک و شێواز و نووسینی ئەم دەقە داوەتەوە. (academia.edu). سەمەد[4] و زێدۆ[5] ژی، بە هێنانەوەی هەندێ کۆدێڕ (پەرەگراف)، هەوڵی ناساندن و شرۆڤەی گشتیی بەشە جیاجیاکانیان داوە (amidakurd.net; cetoyezedo.blogspot.com). هەروەها ئەرگین ئۆپەنگین لە وتارێکدا بە ناوی «رەپەرتوارا زمانی و ئافراندنا ئەدەبی: نرخاندنەکە زمانناسی ل سەر ئەدەبیاتا کورمانجی یا هەڤچاخ» (Opengîn, 2014: 173-208) لە ڕۆمانی پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی، وەک نموونەیەکی لاوەکی، کەڵکی وەرگرتووە و لە باری زمانییەوە تاوتوێی کردووە لە درێژەی ئەم وتارەدا، پاش ناساندنی ڕوانگە و چەمکە ڕەخنەییەکانی لویی ئاڵتوسێر، لە ژێر ڕووناکیی ئەم تیۆرییەدا دەقی باسکراو دەخوێنینەوە.

## ۳ ـ بنەمای تیۆریک

### ۳ ـ۱ـ ئاخێزگەی هزریی تیۆریی ڕەخنەیی ئاڵتوسێر

ڕەخنەی مارکسیستی بە کەڵکوەرگرتن لە ڕا و بۆچوونی بیرداڕێژانێک وەکوو میخایل باختین،[6] ئانتۆنیۆ گرامشی،[7] لویی

[1] Frantz Fanon.
[2] Vural.
[3] Ferzan Şêr.
[4] Semed.
[5] Zêdo.
[6] Mikhail Bakhtin.
[7] Antonio Gramsci.

ئاڵتوسێر، میشێل فوکۆ،[1] واڵتێر بێنیامین،[2] پییێر ماشێری[3] و بێرتۆلت برێشت[4] گەشەی کردووە و چەندین لقی لێ جیا بووەتەوە. ڕەخنەگرانی ئەم ئاقارە «دەخوازن بزانن ئەدەبیات چۆنچۆنی دەتوانێت وەک هێزێک بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، یان جەختکردنەوە لەسەر ڕەوشی ئامادە یان ژێ جێگیرکردنی، کار بکات» (کلیگز،[5] ١٣٩٤: ١٧٦). بەگوێرەی ڕوانگەی برێشت، بێنیامین و ئاڵتوسێر، «ئەدەبیات جۆرێک لە ئایدیۆلۆجییە کە لە بیچمگەلی تری ئایدیۆلۆجی و هەروەها لە ژێرخانی ئابووری، تا ڕادەیەک سەربەخۆیە» (سەرچاوەی پێشوو: ١٧٨).

لویی ئاڵتوسێر، وەک یەکێک لە کاریگەرترین بیرمەندانی ئەم ئاقارە، بە سوودوەرگرتن لە بیر و بۆچوونەکانی مارکس و بە پێداچوونەوە و ڕەخنەلێگرتنیان، بووە پێشەنگی تێپەڕین لە بیری مارکسیزمی نەریتی و بەدیهێنەری تێڕوانینێکی نوێ بۆ پەیوەندییەکانی نێوان دوو چینی سەردەست و بندەستی کۆمەڵگە. ناوبراو هەروەها لە بن باندۆری فێردینان دێ سوسور، زمانناسی ناسراوی سویسری و بیرداڕێژ و پەرەپێدەری تیۆریی پێکهاتەخوازی و کلۆد لێڤی شترۆس[6]، مرۆڤناسی بەناوبانگی فەرەنسی، خۆی لە ڕێچکە فکرییە باوەکانی مارکسیزم ڕزگار کرد و لەسەر هەمان بنیات، دەلاقەیەکی نوێی بەسەر دنیای فەلسەفە و ڕەخنەی فەرهەنگی-ئەدەبیدا کردەوە.

گەرچی ئاڵتوسێر وەک ڕەخنەگرێکی مارکسیست دێتە ناسین و کەسانێک وەک بالیبار[7] جەخت لە سەر مارکسیست-بوونی دەکەنەوە و بە توندی بەرپەرچی ئەو ڕوانگەیە دەدەنەوە کە تیۆرییەکی نوێی داهێنابێت (مددی، ١٣٩٦: ١٩)، بەڵام، لە بەرامبەردا، بەدیۆ[8] (١٣٨٨: ٣٢٥-٣٢٦) بۆچوونەکانی ئاڵتوسێر نەک بە درێژەپێدەری مارکسیزم، بەڵکوو بە دابڕان لەو ڕەوتە و بە پرۆژەیەکی تاقانە و تایبەت بە خۆی وەسفی دەکات. پیتێر میلێر[9] ژێ ڕوانگەیەکی هاوشێوەی هەیە و دەنووسێت: «لەم تیۆرییەدا، ئاڵتوسێر لە هەوڵی بناغەدانان بۆ مارکسیزمی ڕاستەقینە لە سەر بنەمای هەندێ دەقی سەرەکیدا نییە، بەڵکوو لە ڕاستیدا دەیەوێت لە کۆمەڵێک بنەواشەی مارکسیستی دەرباز ببێت و لە بنەڕەتدا ئەو بیرۆکەیەی ئایدیۆلۆجی کە لە قاڵبی ڕاستی/ ناڕاستیدا دەخرایە بەر باس، ڕەت بکاتەوە و ئایدیۆلۆجی بە واتای بەرهەمهێنانی سوبژێکتیڤیتەی، لەجێ دابنێت» (١٣٨٨: ١١).

ئاڵتوسێر بۆ خۆی لە وتاری «قەیرانی مارکسیزم»دا (١٩٧٠)، بە ئاماژە بۆ بارودۆخی یەکێتیی سۆڤیەت و شکستی ستالین لە گۆڕینی ڕەوشی ژیانی چینی بندەستدا، دەنووسێت: «ئەو قەیرانەی تێیدا دەژین، ناچارمان دەکات بە پەیوەندیمان لەگەڵ مارکسیزمدا بچینەوە و لە ئەنجامدا لە خودی مارکسیزمیشدا شتێک بگۆڕین» (فرتر[10]، ١٣٩٢: ١٦٥). ناوبراو بۆخۆی، سەرەڕای ئەوەی ڕێی ڕزگاریی مرۆڤ لە مارکسیزمدا دەبینێتەوە، بەڵام بە چاوبەستراوی لێی نانۆڕێت و لە خۆژیاننامەکەیدا بە ناوی *داهاتوو بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە*، دەڵێت: «من بە تەواوەتی وەفادارم بەو ماتێریالیزمەی بوو بە ئیلهامبەخشی مارکس، هەرچەند بە سەروبەری ناپیەژرێنم، کارێک کە هەرگیز سەبارەت بە هیچ شتێک نەمکردووە» (سەرچاوەی پێشوو: ١٦٨).

---

[1] Michel Foucault.
[2] Walter Benjamin.
[3] Pierre Macherey.
[4] Berthold Brecht.
[5] Klages.
[6] Klaude Levi Strauss.
[7] Balibar.
[8] Badiou.
[9] Peter Miller.
[10] Ferretter.

لە ڕاستیدا ئەم بیرمەندە بە مەبەستی ڕاڤەی بەرهەمەکانی مارکس و تیۆریی مارکسیزم و پەرەدان بە بۆچوونەکانی خۆی، لە دوو ڕەوتی هزریی کەڵکی وەرگرت کە یەکێکیان پێکهاتەخوازی و ئەوی دیکەیان مەعریفەناسیی مێژوویی بوو کە نەریتێکی فەرەنسی بۆ تێفکرین لە مێژوو و چییەتیی زانست بوو و بۆ بەرهەمەکانی ئەلێکساندر کۆیرێ،[1] گاستۆن باشلار[2] و جۆرج کانگیلەم[3] دەگەڕێتەوە. ناوبراو سێ تایبەتمەندیی ئابووریخوازی، مێژووییخوازی و مرۆڤخوازیی ڕووت و ڕەهای سەر بە ڕەوتی زاڵی مارکسیزمی خستەبەر ڕەخنە و بە ئاوڕدانەوە لە بەرهەمەکانی مارکسی پێگەیشتوو، واتە بەهەمەکانی دەمی پیری، سەلماندی کە مارکسیزمی زانستی لە چوارچێوەی ئێکۆنۆمیزم، هیستۆریزم و هیۆمانیزمدا جێی نابێتەوە (مددی، ۱۳۹۶: ۵٦). «تێگەیینی ئاڵتوسێر لە چۆنیەتیی چێبوونی سووژە، بە تەواوەتی، پیشاندەری ڕوانگەی دژە مرۆڤخوازانەیەتی. لە کاتێکدا کە هیۆمانیزم مرۆڤ بە بوونەوەرێکی ئازاد، خۆسەر و هۆشیار پێناسە دەکات، بە پێچەوانەوە، ئەو پێی وایە مرۆڤ، بە تەواوەتی، سووژەی ئایدیۆلۆجییە و بۆخۆیشی دەوری سەرەکی دەگێڕێت لە بەرهەمهێنانەوەی پێڤاژۆی بەسووژەبوونی خودی خۆیدا» (Sadjadi, 2010: 94).

بەپێی نێرینی سوسور، دیاردەی زمان سیستمێکە لە یەکەکان کە گرنگێتیی هەر کامیان لێکەوتەی پەیوەندیی ئەو یەکەیە بە یەکەکانی ترەوە (فرتر، ۱۳۹۲: ٤٦). شترۆس بە گواستنەوەی ئەم ڕوانگەیە بۆ مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی و هەروەها بە کەڵکوەرگرتن لە مۆرفۆلۆجیی ڤلادیمیر پرۆپ،[4] نیشانی دا دەکرێت دابونەریت و دیاردە مرۆییەکان، بە هەمان شێوەی سوسور تاوتوێ بکرێن (برتنز،[5] ۱۳۸۲: ۸٦). بەم پێیە، ئاڵتوسێر دەنووسێت: «ئەگەر مارکسیزم بە باشی بناسین، بۆمان دەردەکەوێت کۆمەڵگە سیستمێکە لە پەیوەندییەکان؛ سیستمێک کە هەر هێمانێکی تەنیا لە پەیوەندیی لەگەڵ هێمانەکانی تردا فام دەکرێن» (سەرچاوەی پێشوو: ٤٨). ناوبراو، لەپێناو پێناسەی ڕاستی کۆمەڵگەدا، بیری هیومانیستیی خۆڕزگارکەری و خۆبڕیاردەریی مرۆڤ و هەروەها ڕەهاخوازیی ئابووریی و بەهەندوەرنەگرتنی ڕەهەندەکانی تری جڤاکی دایەبەر ڕەخنە و تیۆرییەکی هێنایەگۆڕێ کە ڕەخنەگران دەیخەنە چوارچێوەی مارکسیزمی پێکهاتەخوازانەوە. لێرەدا هەندێک چەمک و تێگەهی گرێدراوی ئەم تیۆرییە، کە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە کەڵکیان لێوەردەگیرێت، دەناسێنرێن و واتایان ڕوون دەکرێتەوە.

## ۳ـ۲ـ چەمکە ڕەخنەییەکانی ئاڵتوسێر

### ۳ـ۲ـ۱ـ ئایدیۆلۆجی

ئایدیۆلۆجی چەمکێکی بنەڕەتیی بۆچوونە ڕەخنەییەکانی مارکس و ئێنگلس-ە، بەڵام ئەوان بە شێوەی تەکووز و ڕێسامەند شرۆڤەیان نەکردووە. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ۱۷۹٦دا لە لایەن کابانیس دێستوت دێ تراسی[6] فەرەنسی و هاوڕێیانیەوە و لە ژێر ناوی تیۆریی ئایدیاکان هاتەگۆڕێ (مددی، ۱۳۹٦: ۳۱۵). مارکس و ئێنگلس ئەم چەمکەیان بۆ مەبەستێکی جیاواز و بۆ پێناسەی پەیوەندیی چینەکانی کۆمەڵگە و لێکدانەوەی هۆکارەکانی چەوساندنەوەی زۆرینەی خەڵک لە لایەن کەمینەیەکی خاوەن کەرستەی بەرهەمهێنانەوە بەکارهێنا. مارکس پێیوابوو «ئایدیۆلۆجی بریتییە لە کۆمەڵێک ئایدیا کە بەسەر بیری تاک یان کۆمەڵێک مرۆڤدا زاڵن» (Althusser, 1971: 106).

---

[1] Alexandre Koyré.
[2] Gaston Bachelard .
[3] Georges Canguilhem.
[4] Vladimir Propp.
[5] Hans Bertens.
[6] Cabanis Destutt de Tracy.

ئەم بیرمەندە بایەخی زۆر کەم بە بەرگری دەدات و وەهای دەبینێت کە لەم بارودۆخەدا ئەوەی کۆنترۆڵی هزرین و هەڵسوکەوتی مرۆڤی لە بن دەستدایە و هەموو بوون و ژیانی مرۆڤی تەنیوەتەوە، هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا و لە گشت ئاستێکدا، ئایدیۆلۆجییە و ئەوەی دەیدۆڕێنێت چینی بندەستە و بەرگری و بەربەرەکانێ ئاکامێکی ئەوتۆی نابێت. بەم بۆنەوە زۆربەی ڕەخنەگران بە کەسێکی ڕەشبینی دەزانن و تیۆرییەکەی بە ڕەشبینانە وەسف دەکەن. پێویستە ئەمەش لە بەرچاو بگرین کە بۆچوونە ڕەخنەییەکانی ناوبراو و تێکۆشانی لەپێناو ناسین و ناساندنی ئایدیۆلۆجی، پیشاندەری باوەڕیەتی بە بەرگری و هێزی بەرەنگاربوونەوە. بۆخۆشی پێیوایە «لە ڕێگەی تێگەیشتنی ڕەخنەییانە لە ئایدیۆلۆجییەوەیە کە گەل ئاگاداری خەباتی چینایەتی دەبێت و ئامرازی ڕووخاندنی ئایدیۆلۆجیی چینی خاوەن دەسەڵات بەدەست دەهێنێت» (لە پین،[1] ۱۳۷۹: ۷۷).

## ۳ـ۲ـ۲ـ دەزگایێن سەرکوت و ئایدیۆلۆجیکی دەوڵەت

لویی ئاڵتوسێر بە کەڵکوەرگرتن لەم وتەیەی مارکس، کە دەڵێت «ئەگەر لە بیچمبەندییەکی کۆمەڵایەتیدا، هاوکات لەگەڵ بەرهەمهێنان، هەلومەرجی بەرهەمهێنان بەرهەم نەهێنرێتەوە، ئەو بیچمبەندییە کۆمەڵایەتییە ساڵێکیش دەوام ناهێنێت» (۱۹۷۱: ۸۵)، هەوڵی ڕاڤەی پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵگە و هەلومەرجی بەرهەمهێنانەوە و ئامراز و ڕێکارەکانی دا. بەرهەمهێنانەوە لە ڕێگەی کڕینەوە دەستەبەر دەبێت؛ کڕینی کەرستە و ئامێر و هەروەها کڕینی هێزی کار، کە لە ڕێی پێدانی حەقدەستەوە دابین دەبێت. بەڵام بەرهەمهێنانەوەی هێزی کار تەنیا لەم ڕێگایەوە ناکرێت و پێویستە مرۆڤەکان بۆ تێپەڕاندنی ئەرکەکانیان ئامادەی بەکارهێنان بکرێن. ئەم ئەرکە لە دنیای ئەمڕۆدا کەوتووەتە ئەستۆی سیستەمی خوێندن و پەروەردە. ئەم سیستەمە مرۆڤی پسپۆڕ و کارامەی گونجاوی هەموو بەشەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان پەروەردە دەکات، بەڵام ئەمە تەنیا مەرج نییە و بەردەوامیی پرۆسەکە گرێدراوی بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە ئامادەکانی ئەم پێشاژۆیەیە.

ئاڵتوسێر پێشاژۆی ئاڵۆزی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی نادادپەروەری و چەوسانەوەی هەمەچەشن لە کۆمەڵگەدا، بۆ دەزگاکانی سەر بە دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە. ئەو لە وتاری «ئایدیۆلۆجی و دامودەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی دەوڵەت»دا کە لە کتێبی *لنین و فەلسەفە و وتارەکانی تردا* (۱۹۷۱) بڵاو بووەتەوە، بۆ دەوڵەت دوو چەشن دامەزراوە لەبەرچاو دەگرێت کە یەکیان دەزگای سەرکوت و ئەوی دیکەش کۆمەڵە دامەزراوەیەکن بە ناوی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی دەوڵەت. بەپێی نێرینی ئەم بیرمەندە، ئەم دوو جۆر دەزگایە لەپێناو تاقە ئامانجێکدا چالاکی دەنوێنن: ئامانجی درێژەدان بە دەسەڵاتی چینی سەردەست بەسەر چینی بندەستدا. دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی دەوڵەت بریتین لە، دەزگای ئایینی (کلێسە و شوێنە ئایینییەکانی تر)، دەزگای پەروەردە و فێرکاری (قوتابخانە و زانکۆ، حکوومی یان ناحکوومی)، دەزگای ماڵبات و خێزان، دەزگای قانوونی و دەستووری، دەزگای سیاسی (حکوومەت و پارتە جیاجیاکان)، دەزگای سەندیکایی، دەزگای تایبەت بە هەواڵ (ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن و میدیاکان بەگشتی) و دەزگای فەرهەنگی (ئەدەبیات، هونەرە جوانەکان، وەرزش و هتد) (Althusser, 1971: 96).

دەزگایێن ئایدیۆلۆجیک بە شێوەی نەرم و هەستپێنەکراو ڕەگی دەسەڵاتی زاڵ لە نێو کۆمەڵگەدا قایمتر و قووڵتر دەکەونەوە و بەردەوام پەیوەندیی چەوسێنەرانەی نێوان چینی سەردەست و بندەست بەرهەم دەهێننەوە. لە لایەکی ترەوە، دەزگای سەرکوت ئەرکی سەپاندنی زۆرەملێیانەی دەسەڵات بەجێ دەگەیەنێت و لە کاتی پێویستدا لەپێناو پاراستنی هێز و دەسەڵاتی چینی باڵادەستدا دێتە مەیدان و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئەم چینە و ئایدیۆلۆجییەکەیان دەکات. دەزگای سەرکوتی

[1] Payne.

دەوڵەت لەمانە پێکدێت: حکوومەت، هێزی چەکدار و پۆلیس، دادگە، زیندان و هتد. ئەمانە لە کاتی پێویستدا، سەرکوت و توندوتیژی بەکار دەهێنن؛ ئەگەرچی لەوانەیە سەرکوتکردنیان فۆرمی فیزیکی لەخۆ نەگرێت (لە مددی، ۱۳۹۶: ۳۳۹).

ئەم دوو جۆر دامودەزگایە هەندێک جار و لە کاتی پێویستدا، شێوەی جووڵانەوەی یەکتر بەکار دەهێنن. دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان، بە زۆری و لە پێشدا، پشت بە ئایدیۆلۆجی دەبەستن و سەرکوت لە پلەی دووەمدا و بە شێوەی نەرمونیان و تەنانەت هێمایین جێبەجێ دەبێت؛ بۆ نموونە لە سانسۆردا. دەزگای سەرکوتی دەوڵەتیش بە هەردوو شێوە هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام جەختی لەسەر هێز و هەڕەشە و توندوتیژییە (Althusser, 1971: 98). ئەم دەزگایانە تەواوکەری یەکدین و بۆشاییەکانی یەکتر پڕدەکەنەوە. بە واتایەکی تر، کاتێک دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان سەرنەکەون و تاک یان کۆمەڵێکیان بۆ دەستەمۆ نەکرێت، دەزگای سەرکوتی دەوڵەت دێتە هانایان و هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاک و کۆمەڵە لادەرانە دەخاتەگەڕ و دەنگە نۆرمتێپەڕەکان کپ دەکات.

### ۳ـ۲ـ۳ـ سووژە و پێشاژۆی بەسووژەکردن

سووژە و چۆنیەتیی بەسووژەبوونی تاک، لە مژارە گرنگەکانی بەرباسی ئالتوسێرە. سووژە، بێجگە لە واتا ڕێزمانییەکەی، لە دەڤەری فەلسەفە و ڕەخنەی فەرهەنگیدا، دوو واتای باوی هەیە؛ یەکیان هەڵگری مانای مرۆڤی خاوەن زەینییەتی ئازاد و بەرپرسیاری کار و کردەوەکانی خۆیە و ئەوی دیکەش بوونەوەرێکی بێبەش لە ئازادی و ملکەچی دەسەڵاتێکی سەرترە، کە تەنیا لە هەڵبژاردنی ملکەچیی خۆیدا ئازادە. ئالتوسێر بە سەرنجدان بە ئەم دژوازییە دەنووسێت: «تاک وەک سووژەی «ئازاد» لێپێچینەوەی لێدەکرێت تا «ئازادانە» خۆی بخاتە بن فەرمانی سووژەی مەزنەوە و دوایە «ئازادانە» ملکەچیی خۆی هەڵبژێرێت و لە ئەنجامدا بە تەنیا کارگەلی خۆپاوانکەری خۆی تێپەڕێنێت. سووژەکان تەنیا بە هۆ و بۆ مەبەستی ملکەچبوون، بوونیان هەیە» (لە مددی، ۲۰۱۷: ۳۷۰). واتە، هۆی هەبوونی سووژەکان ئایدیۆلۆجییە و بێ ئەوەی هەستی پێبکەن لە ناخ و نێویدا دەژین و ئەوەی پێیاندەکرێت تەنیا ملکەچی و خۆڕادەستکردنە.

کاتێک تاکەکان بەر شاڵاوی ئایدیۆلۆجی دەکەون و بەگوێرەی ڕێساکانی دەجووڵێنەوە، ئەودەم دەبن بە سووژەی ئەو ئایدیۆلۆجییە. سووژە، لە ڕاستیدا، بەرهەمی ئەم ڕەوتەیە، کە بە هۆی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان و لە بن چاوەدێریی دەزگای سەرکوتی دەوڵەتدا هەڵدەسازرێت. تاکەکان بە مەبەستی پاراستنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی دۆخی جێگیر، دەبێت بتوانن ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان بە باشی تێپەڕێنن. ئەم کارە لە ڕێگەی لێپێچینەوەی ئایدیۆلۆجیکەوە دەستەبەر دەکرێت. لێپێچینەوە کاتێک ڕوودەدات کە سووژەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە لایەن ئایدیۆلۆجییەوە بانگ دەکرێن یان لێپێچینەوەیان لێدەکرێت. ئالتوسێر لەم بارەوە دەنووسێت:

> ئایدیۆلۆجی بە شێوەی «ئاوالگری» و هەڵبژاردنی سووژە لە نێو تاکەکاندا «ئەرکەکەی تێدەپەڕێنێت» (ئایدیۆلۆجی هەموو تاکەکان دەکات بە ئاواڵی خۆی)، یان لە ڕێگای ئەو پێشاژۆیەوە کە بە بانگکردن یا لێپێچینەوە ناودێرم کردووە، تاکەکان بۆ سووژە «دەگۆڕێت» (ئایدیۆلۆجی هەموو تاکەکان دەگۆڕێت). دەکرێت لێپێچینەوە بە ئاساییترین کاری ڕۆژانەی پۆلیس وێنا بکەین، واتە لەم دێڕانەدا: «ئەهای، تۆ!». (Althusser, 1971: 118)

ئەگەر ئەم دیمەنی بانگکران لە لایەن پۆلیسەوە، لە کۆڵانێکدا ڕوودبدات، تاکی بانگکراو ئاوڕ دەداتەوە و بەم جۆرە دەبێت بە سووژە؛ بەو واتایەی ئەو کەسە دانی بەوەدا ناوە کە ئەوەی بانگکراوە، خۆیەتی؛ یان دەکرێ بڵێین خۆی لەو لێپێچینەوەیەدا ناسیوەتەوە و بەسووژەبوونی خۆی لە چوارچێوەی ئەو ئایدیۆلۆجییەدا پشتڕاست کردووەتەوە. کەوابوو، لێپێچینەوەی

بێت، تاک وەک سووژە گیرۆدەی ئایدیۆلۆجی دەبێت. ئەم نموونە خەیاڵییە سادەیە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکەیە، ئەگەرنا لە واقعدا، لێپێچینەوە و پێڤاژۆی بەسووژەکردن بەپێی ڕووداوگەلی یەکبەدوایەکی لەم چەشنە ڕوونادات.

دەسەڵات بە چێکردنی سووژەی گەورە و تاقانە و بە کەڵکوەرگرتن لە کردەی ئایدیۆلۆجیکی لێپێچینەوە تاکەکان گیرۆدە و ملکەچی خۆی دەکات. تاکەکان وەک سووژەگەلی بچووک، هەردەم هەوڵی دەستەبەرکردنی جێگە و پێگەی سووژەی گەورە دەدەن، کەچی هەمموو هەوڵێکیان بێئەنجامە و دەستکەوتیان تەنیا خۆبەدەستەوەدان و هاوکاریی چینی سەردەستە لەپێناو دەستەبەربوونی ئامانجەکانی ئەواندا. سووژە بچووکەکان، لە بن کاریگەریی ئایدیۆلۆجیدا، چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسێکی سروشتی و ئاسایی دەبینن و گریمانەیان ئەوەیە هەمموو شتێک هەر بەو چەشنەیە کە دەبێ هەبێت. کەوابوو، وەک بەشێک لە سیستمێک کە لە لایەن دەسەڵاتەوە ڕێکدەخرێت، بەردەوام بەرهەم دێنەوە و هەمموو هێز و وزەیان، بەپێی ئەخلاق و ویژدان، بۆ گەڕاندنی چەرخی مەکینەی دەسەڵات پێشکەش دەکەن.

سووژەی بچووک و گەورە بەردەوام لە چالاکیدان و سووژەی بچووک هەردەم دەیەوێت بە سووژەی گەورە بگات، بە چەشنێک کە «سووژەی بچووک ئەو تاکەکەسەیە کە لە لایەن ئایدیۆلۆجییەوە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەکرێتەوە، لە کاتێکدا سووژەی گەورە ئەو مۆدێلە دڵخوازەیە لە تاکەکەس، کە لە لایەن ئایدیۆلۆجییەوە پێناسە کراوە» (Sadjadi, 2012: 93). سووژەگەلی بچووک لە نێو بازنەی ئایدیۆلۆجیدا بەردەوام بە دەور خۆیاندا دەسووڕێنەوە و تێدەکۆشن لە سووژەی مەزن نزیک ببنەوە؛ کەچی ئەوەی لێی دەگەڕێن، وەهمێکە و تەنیا لە مێشکیاندا چێنراوە. سووژەی گەورە سووژەی پێناسەکراوی ئایدیۆلۆجییە، وێنایەکە دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان بە درێژایی تەمەنی سووژە کاریان بۆ کردووە، سووژەیەکە هەرگیز دەستی سووژەی بچووکی پێڕاناگات و هیچ کاتێک جێگە و پێگەی بۆ ئەزموون ناکرێت.

لێکەوتەی ئایدیۆلۆجی، سووژەی دڵخوازی دەسەڵاتە. سووژەی دڵخواز، سووژەی گوێڕایەڵە و لە بەرامبەر لێپێچینەوەی بەردەوامی ئایدیۆلۆجیدا بە سانایی خۆی بەدەستەوە دەدات. ئەم سووژەگەلە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە پێکدەهێنن. لە بەرامبەردا، سووژەگەلی بەرەنگار و سەربزێو لە ڕەوتی لێپێچینەوەدا خۆ بەدەستەوە نادەن و ملکەچی ئایدیۆلۆجیی زاڵ نابن. سووژە بەرەنگارەکان، بە پێچەوانەی سووژەگەلی دڵخوازی دەسەڵات، کە شێلگیرانە لە پێشبڕکێی ملکەچکردندا بەشداری دەکەن، بە سانایی مل نادەن و سەر دانانەوێنن؛ بۆیە دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنیان ناچار دەبێت دەمامکی دلۆڤانی لەسەر ڕووی فڕێ بدات و پەنا بباتە بەر دەزگای سەرکوت و توندوتیژیی فیزیکی.

### ٤ ــ خوێندنەوەی *پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی*

### ٤ ــ١ــ ناساندنی ڕۆمانەکە

*پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی* (٢٠١٠) دووەمین ڕۆمانی شەنەر ئۆزمەن (لەدایکبووی ١٩٧١)، نووسەری چالاک و بەهرەمەندی باکووری کوردستانە. ئەحمەدزادە (٢٠١٥: ١٣٧) ناوی ئەم نووسەرە دەخاتە پاڵ ناوی کەسانێک وەک محەممەد ئوزون، حەلیم یووسف، حەسەنێ مەتێ و ژان دۆست و بە «ڕۆماننووسێن پرهێژا و باش» دەیانناسێنێت. ڕۆمانی بەرباس لە چوار سەربەشی «دەستپێک، ئیمان، زمان، ڕامان» و بەشێک بە ناوی «ژێرنۆتێن نەقەدیایی» پێکهاتووە، کە ڕوونکردنەوەی هەندێک لە ڕووداوەکانی بەشێن سەرەکیی دەقەکەیە. ڤەگێڕی بنبەشی یەکەم، مەراسیم-ە کە سەرەتای ئاشنابوونی لەگەڵ پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمان، واتە سەرتاج و هەروەها تێکچوونی نێوانی لەگەڵ ئۆندەر-ی مامۆستای دەگێڕێتەوە.

لە درێژەدا ڤەگێڕێکی گشتزان، کە خودی سەرتاج-ە، لە زاری کەسی سێیەمەوە دەپەرژێتەسەر چیرۆکی بێبڕانەوەی ژیانی خۆی. ئەم بەسەرهاتانە لە هەژدە بنبەش پێکهاتوون و هەرجارەو باسی قۆناغێکی ژیانی پاڵەوانی سەرەکی دەکات؛ لە بیرەوەریی سەردەمی منداڵی و ماڵبات و قوتابخانە و کارتێکەریی خاڵۆی شۆڕشگێڕی و ڕەوشی نالەباری کوردان و پاشان مامۆستایەتی و پەیوەندیی لەگەڵ عەلی عوسمان-ی خوێندکاریەوە بگرە هەتا دەمی تێکچوونی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ مەراسیم و دۆخی ناخۆشی تەنیایی و بیرەوەرییەکانی شۆڕش و ناسینی دوکتۆر سارین-ی دەروونناس و پاشان وەرگرتنی خەڵاتی چیرۆکنووسی و بانگهێشتکردنی بۆ ئەڵمانیا و هتد. بنبەشی کۆتایی ڕۆمانەکەش، گێڕانەوەی چۆنیەتیی کوشتنی سەرتاج-ی «چەپگەر» و «لەدینلادەر»ە بە دەستی عەلی عوسمان-ی خاپێنراوی مەلا ئیدریس و هاوبیرانی و هەروەها پەشیمانی و ڕق و قینی ناوبراو لە هاندەران و فەرمانپێکەرانی.

پاڵەوانی سەرەکی، سەرتاج کاران، ئەندامی ماڵباتێکی هەژار و «بێ ئێڵ و عەشیرە»ی «تاخی ژێر»ی شاری «هەزەخ»ی باکووری کوردستانە. لە تایبەتمەندییەکانی *پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی*، شێوەی ناساندنی سەرلەهەنگە کە هەرجارە و بە پاشناوێک و بەپێی ڕەوشی دەروونی یان بارودۆخی دەوروبەر و تێڕوانینی کەسانی ترەوە وەسف دەکرێت؛ بۆ نموونە، «سەرتاجێ ئەنتیکە»، «سەرتاجێ ئەڤیندار»، «سەرتاجێ سەرهشک»، «سەرتاجێ دۆگماتیک»، «سەرتاجێ ڕۆمانتیک» «سەرتاجێ داهاتورەش» «سەرتاجێ خوەڤەشارتی»، «سەرتاجێ خوەشبێژ» و گەلێک ناسناوی دیکە. هەروەها پاش تەڤلیبوونی بە شۆڕشەوە، ناوی دەبێتە «شۆرەش» و دیسان بەپێی ئەو ڕەوشەی تێدایە، پاشناوێکی دەخرێتەسەر؛ بۆ وێنە، «شۆرەشێ باوەریپۆلا»، «شۆرەشێ شۆپگەر»، «شۆرەشێ شۆرەشتێکچوویی»، «شۆرەشێ رەخنەگر» و هتد.

ئەم ڕۆمانە، لە ڕاستیدا، تێکەڵەیەکە لە گێڕانەوەی ژیانی سەرتاج، وەک کەسایەتییەکی جیاواز و هەستیار لە هەمبەر ڕەوشی داسەپێندراوی دەردۆری و، گێڕانەوەی بیرەوەرییە تاڵەکانی لە بیچمی چیرۆکێکدا کە بۆخۆی نووسەرەکەیەتی و، هەروەها خەون و خولیا و خەیاڵە تێکەڵپێکەڵەکانی وەک مرۆڤێکی تووشبووی شیزۆفرێنیا. نەخۆشیی دەروونیی سەرتاج، کە بۆ غەمی تێکچوونی ژیانی هاوبەش، بندەستیی و بێمافیی نەتەوەکەی، زمانبڕاوی، هەژاریی کتێبخانەی کوردی، تێکچوون و بەلاڕێداچوونی شۆڕش، نەزانیی گەل و هەروەها قۆڵبەستکران و ئەشکەنجەدرانی دەگەڕێتەوە (Ozmen, 2010: 67-88; 121-141)، لە زەینی ئاڵۆز، لە شڵەژاویی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و لە هەستکردنی بە بوونەوەرێکی نائاسایی و خەیاڵکرد بە ناوی «پیرا نا» و ئاخافتن لەگەڵیدا، بە باشی نوێندراوەتەوە.

وتەکانی «پیرا نا»، کە بە درێژایی دەقەکە، ناوەناوە بە دەنگ و پاشان بە جەستە دەردەکەوێت، ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بە ڕەوشی نالەباری نیشتمان و هاونیشتمانانی سەرتاج؛ بە تایبەت لەو کاتەیدا کە لە ڕواڵەتی پیرەژنێکی قرێژدا دەردەکەوێت و دەبێتە دەمەقرەیان و دوای ماوەیەک شەڕەجنێو، ئاوەهای پێ دەڵێت: «ئەز داپیرا تە مە... ئەز دیا تە مە... ئەز وەلاتێ تەیێ کاڤلبوویی مە... ئەز شۆرەشا وە یا تێکچوویی مە... ئەز وێژەیا وە یا خوەدبینم...» (سەرچاوەی پێشوو: ۱۳۹-۱۴۰). ڕووداوەکانی ڕۆمانی بەرباس، گەرچی هەندێ جار وەک خەون و خەیاڵێن سەرتاج و هەندێ جار وەک چیرۆکێکی ناتەواوی خۆی خویا دەبن، بەڵام بە تەواوەتی ڕاستیی کۆمەڵگەی باکوور دەخەنەڕوو و واقعێکمان پیشان دەدەن کە لەم سەد ساڵەی ڕابردوودا بۆ کوردی هەموو پارچەکان و هەروەها گەلانی تری ئەم دەڤەرە، نائاشنا نییە و هەموویان ئەزموونکراون.

لە دەقی بەرباسدا، زۆر نموونەی توندوتیژی فیزیکی و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دەزگای سەرکوتی دەوڵەت تۆمار کراوە (بڕوانە: ۱۸؛ ۳۶؛ ۵۶؛ ۵۷؛ ۶۰ و هتد). ئەوەی لەم وتارەدا گرنگیی پێدراوە و جەختی لە سەرە، دەرکەوتن و دەرکەوتەکانی دەزگەهێن ئایدیۆلۆجیکە، بەڵام پێش ورووژاندنی ئەم مژارە، وێنەیەکی هەڵسوکەوتی دەزگای سەرکوت دەخەینە پێش چاو.

سەرتاج مەزن دبوو و مرن ژی هەر دچوو مەزنتر دبوو ل هەزەخێ و ژ هەر دو دەنگوەشێن مزگەفتا وێ، بانگێن گەفتژە بلند دبوون رۆژبرۆژ. خۆرتێن تاخا ژێرێ دچوون حەوشا شارەداریا دیسان ب رەپەتەپەکە لەشکەری، چەپ، راست، چەپ، راست، چەپ، راست! جەندەکێن شەرڤانان ئانیبوون ور و ئەو ل بنێ خنجیکێ و ل تەنشت هەڤ بجی کربوون بۆ تەماشەیێ. کێ جولهەت بکرا گۆتنەکێ بکە؟ لێ د ڤەگەرێ دە دپسپسیان کەرەگێژێن هەزەخێ؛

- «لاورێن ئەفریکایی ئانینە...»
- «مارن، مار!»
- «دووپشکن، ب خوەڤە دانە...»
- «ئەونە کورێ فلانکەسۆ بوو؟»
- «نە قیزا بێڤانکەسێ بوو؟»
- « دەرپی لێ نەبوو...»
- « وەییییی!». (Ozmen, 2010: 63)

ئەم بویەرە یەکێک لە بیرەوەرییە تاڵەکانی سەرتاجە لە دەبستاندا؛ ئەو کاتەی لە ڕێی بڵیندگۆی مزگەوتەوە خەڵکیان بانگهێشتی حەوشەی شارەداری کردبوو و بەڕێوەبەر و مامۆستاکانیش، قوتابیانیان دابووەبەر بۆ ئەوێ. چەکدارانی دەوڵەت و شارەداری هەزەخ، بە نیشاندانی تەرمی کوڕ و کچێن شەرڤان، هۆشدارییان دابووە باوک و دایکەکان ئاگادار بن منداڵانیان نەکەونە دەست «ڤان تەرۆریستان، ڤان ئەرمەنییان، بۆلشەڤیکان ...» (سەرچاوەی پێشوو: ٦٣). ئینجا «خۆرتێن تاخا ژێرێ» بە پێشکەشکردنی سروودی نەتەوەیی کۆماری تورکیا کۆتاییان بە گردبوونەوەکە هێنابوو. بەم چەشنە، وەک سەرتاج دەڵێت، «دەرسا وانا وێ رۆژێ ژی بووبوو تەماشاکرنا جەندەکێن بێخوەدی» (٦٤).

ئەم دێڕانەی سەرەوە، سێبەری قورسی تۆقاندن، هەڕەشە، بێڕێزی و توندوتیژی دەزگای سەرکوتکەری دەوڵەت بە باشترین شێوە پیشان دەدات. هەروەهاش، ڕەهەندی سیاسیی ئەم دەزگایە، بە پیشاندانی تەرمەکان لە حەوشەی شارەداری و گوتەکانی شارەداردا، دەرکەوتووە. جیا لە ئەمانە، خڕبوونەوەی خەڵک و دەمەتەقەیان لە گەڕانەوەدا، دەرخەری هێزی چەواشەکەر و بەلارێدابەری ئایدیۆلۆجی و دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان و بەرکەوتنی پڕانیی جەماوەرە. وەک دەبینین، مزگەوت وەک ئەرکداری هەرە گرنگی ویست و هەڵوێستی دەسەڵات، لەم دیمەنەدا ئەرکە ئایدیۆلۆجیکەکەی بە باشترین شێوە تێدەپەڕێنێت. لە بەشی دواتری وتارەکەدا، چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی دەزگا ئایدیۆلۆجیکە شوێندانەرەکان و ڕێکارەکانی جێگیرکردنی زانیاریی چەواشە ڕوون دەکرێنەوە.

## ٤ ــ٢ــ دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی دەوڵەت و پێڤاژۆی بەسووژەبوون

ئایدیۆلۆجی ئەو هێزە شاراوەیەیە سەرتاسەری ژیانی مرۆڤەکان و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیانی تەنیوەتەوە و نەخوازراوانە لەپێناو بەرژەوندیی چینی چەوسێنەر و چەوساندنەوەی خۆیاندا کاری بۆ دەکەن. ئاڵتوسێر هەوڵی داوە بە یارمەتیی زانست و هێنانەگۆڕی فەلسەفەی ڕووناکیبەخشی خۆی لایەنە شاراوەکانی ئایدیۆلۆجی و شێوە ڕەنگامەکانی داگیرکردنی زەینی تاک ئاشکرا بکات. لە ڕۆمانی بەردەستدا ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەوشە بە تۆخی دەبینین. پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمان بە ئاوڕدانەوە لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی دەڵێت:

ئەو دەم و دەورانێن خوەزیپێئانینان دابهوریبوون چووبوون. تەڤی کو دیا وی ب کوردی ژ وی رە دگۆت کو «ئەم ترکن»، ب تەڤی کو مامۆستەیێن وی ب ترکی وی رە دگۆتن کو «تورکون تورکتەن باشکا دۆستو یۆکتور» (ژ بلی ترکان تو دۆستێ ترکان نینە)، دیسان ژی چێ نەدبوو. خەلەتییەکە مەزن د وان گۆتنان دە هەبوو لێ ئەو ب سەر ڤە نەدبوو. (Ozmen, 2010: 61)

سەرتاج بەم جۆرە باسی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و ڕوانگەی دایکی و مامۆستاکانی دەکات. ئەوەی هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا بەگوێیدا دەدرێت و لە گوێیدا دەزرینگێتەوە، جەختکردنەوەیە لەسەر تورکبوون. بەڵام لەگەڵ گەورەتربوونی، لەو شتانەی لە بنەماڵە و خوێندنگە فێریان بووە دەکەوێتە گومانەوە. هۆکاری ئەم گومانەش، زیاتر، محەمەدی خاڵۆیە کە شۆڕشگێڕێکی تەڤگەرێکی مارکسیی کوردییە و باندۆری زۆری لەسەر بیر و ڕوانگەیدا داناوە. یەکێک لە بیرەوەرییە تاڵەکانی سەردەمی منداڵیی سەرتاج کە بۆ یەکەمجار دەروونی بریندار دەکات، کوژرانی خاڵۆی بەدەستی هێزەکانی دەوڵەت و شین و گریانی دایکی و دوایە کوتانەسەرماڵ و هەڵشێواندنی کەلوپەلەکانیانە.

لەم کۆدیڕەدا کاریگەریی ئایدیۆلۆجی زۆر قووڵ و بەرچاوە؛ بە چەشنێ کە دایکی سەرتاج، گەرچی خوێندنگە نەچووە و لەو ڕێگایەوە زمانی نەبڕاوە و وشەیەکی تورکی ژی نازانێ، وەها چاوی لەڕاست ڕاستییەکان بەستراوە، بە زمانی کوردی باس لە تورکبوونی خۆیان دەکات. ئەڵبەت، لێرەدا نابێ دەوری دەزگای سەرکوتیش لەبیر بکرێت. دەسەڵات بە سوودوەرگرتن لە ڕێوشوێنی جۆربەجۆر، لەوانە توندوتیژیی فیزیکی و ڕاستەوخۆ یان هێمایین و ناڕاستەوخۆ، ئایدیۆلۆجی بە هەموو قوژبنێکدا بڵاو دەکاتەوە و لە هەموو مێشکێکدا جێگیری دەکات. ئەم بارودۆخە بۆ هەڵسوکەوتی سیاسیی پاش شەستەکان دەگەڕێتەوە کە بە شێوەیەکی توند هەوڵی تواندنەوەی ناسنامەی کوردی دەدرا؛ بە جۆرێ کە جێبەجێکارانی سیاسەتی ئاسمیلاسیۆن بە پێداگرییەوە لە ڕاپۆرتەکانیاندا داوایان دەکرد «کو دڤێ دەولەت هینی کوردان بکە کو ئەو نە کوردن، لێ ترکن» (Çîçek, 2013: 12).

دەوڵەت لە ڕێی ئامێری وەک ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و بە یارمەتیی کارگێڕان و بانگەشەکارانی ئایدیۆلۆجی، ماڵبەماڵ دەگەڕێ و مێشکان داگیر دەکات؛ بە جۆرێک کە پێداگرتر لە ئەندامانی چینی باڵادەست، لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئەواندا و بۆ ملکەچی و چەوساندنەوەی زیاتری خۆیان بەکاریان دەهێنێت. بە وتەی پییەر بۆردیۆ[1] (۱۳۸۷: ۲۶) تەلەڤیزیۆن زۆرترین دەرفەتی فۆرمدان بە بیری بەشێکی گەورەی خەڵکی لەبەر دەستدایە و بە زەقکردنەوەی ڕووداوی بێبایەخ، سەرنجی جەماوەر لەسەر ڕووداوە گرنگەکان هەڵدەگرێت. گەلیش لەباتی ئەوەی کاتیان بۆ دەستخستنی زانیاری سەبارەت بە مافە دیمۆکراتیکەکانیان تەرخان بکەن، بۆ شتی پووچ و کەمبایەخ بەفیڕۆی دەدەن.

جیا لە هەڵوێستی دایکی سەرتاج، کە پیشاندەری ڕۆچوونی ئایدیۆلۆجیی چینی باڵادەست بە ناخی زەینی تاکە بندەستەکاندایە، مامۆستاکان، وەک کارمەندانی دەوڵەت، کارگێڕ و پەرەپێدەری ئایدیۆلۆجین و منداڵان بە جۆرێک پەروەردە دەکەن کە ڕەوشی داسەپاو وەک واقعی نەگۆڕی ژیانیان ببینن. دەزگای فێرکاری، منداڵە تورکەکان وەها ڕادەهێنن کە تورکبوونیان بە واتای سەرتربوون، هۆی شانازی و هۆکاری پێشکەوتن بزانن. لە بەرامبەردا، چەواشەکارانە، لە مێشکی منداڵانی کورددا ئەم ئایدیایە دەچێنن کە کوردبوون بە واتای دوژمنایەتیی شارستانییەت و هێمنی و پێشکەوتنی وڵاتە و کوردان دەبێت نکۆڵی لە زمان و ناسنامەی خۆیان بکەن و ملکەچی ئایدیۆلۆجیی نەتەوەی سەردەست بن تاکوو دەوڵەت مافی ژیانێکی تورکانەیان بداتێ.

---

[1] Pierre Bourdieu.

بەپێی ڕوانگەی ئاڵتوسێر، هەموو ئەو دەزگایانەی کۆمەڵگەیان پێکهێناوە، بە حکوومی و ناحکوومییەوە، لە بنەماڵە و قوتابخانە و مزگەوتەوە بگرە هەتا ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و هونەر و وەرزش و ئەدەبیات، لەپێناو پاراستن و پەرەدان و جێگیرکردنی ئایدیۆلۆجیی زاڵدا کار دەکەن. لێرەدا دیسان کاریگەریی ئایدیۆلۆجی لەسەر ئەندامانی بنەماڵە دەبینین:

> ئوو مەسەلەیا ئەسل و فەسلێ مالباتێ، کۆک و ڕەهێن باڤێ من و بێن دیا من، یەکی موهاجر و یەکا کورد، ناخوە چما باڤێ من دگۆت، «بیز تورکوز کیزیم» (کچەکەم ئێمە تورکین) و هەر جارا کو وی دگۆت، «بیز تورکوز کیزیم»، ئەتا من دبوو پزۆت و دوو ژ قولۆز دبوو. وێ ژی ئا خوە دگۆت ب قیرەقیر و ل دیا من ڤەدگەریا، دگۆتێ ب گری، «تو چما خەبەر نادی دایێ؟ چما نابێژیێ کو هوون ژ دێیەکە کوردن؟ ما نە ئەسل دێیە...؟» لێ دیا منا ڕەبەن دەنگێ خوە نەدکر، نە ژ باڤێ من ڕە، نە ژی ژ قیزا خوە یا مەزن ڕە، نەدگۆت «ئەرێ» یان «نا»، سەرێ خوە بەرا بەر خوە ددا و ب حالێ خوە دە دپۆنژی. (Ozmen, 2010: 19)

ئەم دێڕانە بیرەوەرییەکانی مەراسیم-یان لەخۆگرتووە. مەراسیم و یاسەمین دوو کچی خێزانێکی چوارکەسیی نیشتەجێی ئەنقەرەن. باوکیان «موهاجر»[1] و دایکیان کوردە. مەراسیم دوایی دەبێتە هاوژینی سەرتاج-ی کوڕەدۆستی خوشکەکەی و وەک خۆی دەڵێت، «من ئەو ژ کەزیکورا یاسەمینێ ڤەدزیبوو» (سەرچاوەی پێشوو: ١٠). یاسەمین، بە پێچەوانەی مەراسیم، زمان و ناسنامەی خۆی بەلاوە گرنگە و هەمیشە بەرپەرچی هەڵوێست و هەڵسوکەوتی باوک و خوشکەکەی دەداتەوە. لێرەدا بارودۆخی پەیوەندیی نێوان ئەندامانی ئەم خێزانە دەبینین.

بنەماڵە وەک یەکێک لە دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی دەوڵەت، ئەندامانی خۆی دەکاتە ئامانجی ئایدیۆلۆجی زاڵ و لەپێناو دەستەبەربوونی بەرژەوەندییەکانی چینی سەردەستدا بەکاریان دەهێنێت. باوکی مەراسیم، وەک هێزی باڵادەستی خێزان، بە دووپاتکردنەوەی ئایدیای «ئێمە تورکین»، دەیەوێت هاوژین و کچەکانیشی وەها لێبکات باوەڕی تەواو بەو ئایدیایەی دەسەلات بهێنن، کە لە تورکیا، تەنیا یەک نەتەوە و یەک زمان بوونی هەیە، ئەویش نەتەوەی تورک و زمانی تورکییە. هەوڵەکانی ئەو سەبارەت بە مەراسیم سەرکەوتوو بووە، بەڵام یاسەمین لە دژی هەڵوێست دەگرێت و دەیەوێت ورەی بەرەنگاربوونەوە لە دایکیشیدا بورووژێنێت؛ کەچی کاردانەوەی دایکی، تەنیا بێدەنگی و گریانە.

دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا بە شێوەی نەرم و هەستپێنەکراو کار ناکەن و هەندێ جار وەکوو دەزگای سەرکوت، لە توندوتیژیش کەڵک وەردەگرن. هەڵسوکەوتی دایکی یاسەمین ئەم گوتەیە پشتڕاست دەکاتەوە. گریان و بێدەنگیی ئەو لە هەمبەر پرسیارەکانی یاسەمین کە بە گریانەوە داوای کاردانەوە و بەدرۆخستنەوەی وتەکانی باوکی لێدەکات، نیشانەی دەستەوەستانی و ناچارییە، دەرخەری توندوتیژییەکە کە بە سەریدا داسەپاوە و بە ناچار ملکەچی کردووە. بەڵام ملکەچییەکەی لەبەر باوەڕی بەو گوتەیە نییە، بەڵکوو زۆرەملێیانە و بەپێی سەرکوتە. بندەستیی ئەم ژنە کوردە دوولایەنەیە، واتە لە لایەکەوە وەک ژن و لە لایەکی ترەوە وەک کوردێک ڕەتدانەوەی گوتەی مێردەکەی بۆ نالوێت؛ بۆیە بێدەنگی و گریان هەڵدەبژێرێت. ئەم دۆخە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی دایکی سەرتاج کە بە زمانی کوردی جەختی لەسەر تورکبوونی خۆی دەکردەوە. لەودا دووانەی سەرکوت-ئایدیۆلۆجی سوژەی دڵخوازی دەوڵەتی دروست کردبوو، کەچی لەم نموونەیەدا سەرکوتی ڕووت و ڕاستەوخۆ دەنگی سووژەی بندەستی کپ کردووە.

---

[1] وێدەچێ مەبەست ئەو تورکانە بن کە لە شوێنەکانی ترەوە هاتوون، یان ژی هێنراون بۆ تورکیا.

سووژەی دڵخواز، پێناسەی تاکی ڕۆچووی نێو گێژاوی ئایدیۆلۆجییە. ئایدیۆلۆجی لە ڕێگای دەزگاکانیەوە، بە بانگ-کردن و لێپێچینەوەی تاکەکان، ڕەوتی بەسووژەکردن بەڕێوە دەبات و سووژەش بۆخۆی ئەرکی خۆچەوساندنەوە و گەشەدان بەم پێڤاژۆیە جەغزئاسایە بەردەوام بەرهەم دەهێنێتەوە. هەندێ دەگمەنتاکیش هەن ملکەچی ئایدیۆلۆجیی زاڵ نابن و لە دژی هەڵوێست دەگرن. ئەمانە سووژەی سەربزێو و بەرەنگارن؛ بەو واتایە کە لەباتی ملکەچی، سەر بەرز دەکەنەوە و بەرگری و بەرەنگاری دەکەن. لەم ڕۆمانەدا گەلێک سووژەی ملکەچ و چەند نموونە سووژەی سەربزێو وەبەرچاو دەکەون. لە کۆدێڕی خوارەوەدا، مەراسیم دەڵێت:

> قەت ژ بیرا من ناچە. ئێڤاریەکێ، سەبا وێ پەیڤا نەبخێر -چما کو من نەدگۆت گەلێ کورد- ب پێسیرا من گرتبوو و هەتا کو گۆتنێن خوە بێن یەکوودەرب نەقەداندبوون ژی، زوو ب زوو بەرنەدابوو؛ «هەر گاڤا تو ب وی زمانی خەبەر ددی و ژ کوردستانێ رە دبێژی رۆژهلاتا باشوور، یەکسەر پێشکێشکەرێ رەوشا هەوایێ یێ کو هەر ئێڤار پشتی نووچەیێن مشت پرۆپاگاندا دەردکەڤە پێش بینەران، تێ بەر چاڤێن من...». ب هەمان شێوەیێ، وێ نیقاش ب باڤێ من رە ژی دکر، نەخاسم د نووچەیێن شەهیدان دە. (Ozmen, 2010: 19).

مەراسیم و یاسەمین لە زانستگەی شاری مێرسیندا خەریکی خوێندنن. یاسەمین، وەک ئاماژەی بۆ کرا، کەسێکی بەهەڵوێستە و لە هەمبەر زوڵم و زۆری دەسەڵاتدا هەستیارە و هەردەم لە پەیوەندیی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی و زمانیدا بە توندی ڕووبەڕووی باوک و خوشکی دەبێتەوە و هێرش دەکاتەسەر ڕا و ڕوانگەیان. مەراسیم، کە دواتر دەبێتە هاوسەری سەرتاج، دوای ماوەیەک نێوانیان تێکدەچێت و پاش ماوەیەک پێکەوەژیانی پڕمشتومڕ، لێکدادەبڕێن. یەکێک لە هۆیەکانی ناکۆکییان، نیشتەجێبوونیان لە هەزەخ و بەگشتی، کوردستان بوو کە ئەو بە «وەلاتێ تەرۆریستان» ناوی لێدەهێنا و هەردەم داوای لە شووەکەی دەکرد کۆچ بکەن و بڕۆنە شوێنێکی تر؛ چونکە بە وتەی ئەو، «هەرێمەکە نەحلەتکرییە، ب تالووکەیە، هەر رۆژ ب دەهان مرۆڤ ل وێ تێن کوشتن، تێن رەڤاندن، تێن شێلاندن، تووشی تەجاوزێ دبن، دبن قوربانا تەرۆرێ» (سەرچاوەی پێشوو: ۵۲).

بە گوێرەی چەمکە ڕەخنەییەکانی ئاڵتوسێر، مەراسیم نموونەی سووژەی ملکەچی ئایدیۆلۆجیی زاڵە. ئەو لە بن کاریگەریی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی خێزان، خوێندنگە، زانکۆ و میدیادا، بە زمانی خۆی قسە ناکات و خۆ لە بەکارهێنانی وشەی «گەلی کورد» دەبوێرێ و بە «نەبخێر» وەسفی دەکات. هەروەهاش، بەو جۆرەی یاسەمین دەڵێت، وەک نووچەبێژی ڕەوشی هەوا، بە «کوردستان» دەبێژێت «ڕۆژهەڵاتی باشوور». مەراسیم، کە بەپێی پەروەردەی ئایدیۆلۆجیی زاڵ دەئاخفێ و دەفکرێت، نەک هەر هەست بە هەڵەبوونی گوتە و نێرینەکانی خۆی ناکات، بەڵکوو باوەڕی قورس و قایمیشی پێیانە و پێداگرییان لەسەر دەکات. ناوبراو ئەم هەڵوێستانە بە هی خۆی دەزانێت و سەرچاوەیان لە ئاوەزی ئازاد و بڕیاردەری خۆیەوە دەبینێت؛ کەچی لە ڕاستیدا، ئەو تەنیا سووژەیەکی کارامەی ئایدیۆلۆجیی زاڵە کە بەرسڤی ئەرێنیی بە لێپێچینەوەکان داوەتەوە و ڕەوتی بەسووژەبوونی بە سەرکەوتوویی تێپەڕاندووە. بۆیە، بۆخۆشی لە ڕاگرتنی پەردەی ڕەشی ئایدیۆلۆجی لە پێش چاوانی خۆیدا بەشدارە و بەم پێیە، گرنگی بە زمانی دایکی خۆی نادات و پێی قسە ناکات و بەردەوام وانە پێڕاهاتووەکانی ئایدیۆلۆجی دووبارە دەکاتەوە و سەرلەنوێ بەرهەمیان دەهێنێتەوە. باوکیشی نموونەی سووژەی دڵخواز و بانگەشەکاری بیرۆکەکانی دەسەڵاتە و بەرکەوتەی چەواشەکاریی دەوڵەتییە و چێکەری زەینییەتی بەلاڕێدابراوی کچەکەشیەتی.

لە بەرامبەردا، یاسەمین نموونەی سووژەی بەرەنگارە؛ بەو واتایە کە ئایدیۆلۆجیی زاڵ نەبووەتە بەشێکی ناسنامەی و بە پێچەوانەوە بەرەوڕووی دۆخی داسەپێندراو دەبێتەوە و دەبێتە بەرهەڵستکاری سووژە دەستاژۆکان. جارێکیان ناخۆشیی ڕەوشی ژیانی کوردان دەبێتە مژاری گەنگەشەی یاسەمین و خوشکەکەی و لە گۆشەنیگای مەراسیمەوە دەبیسین کە، «هەر جارا کو مژار دهات سەر وان مرۆڤێن شەرپەزە، وێ ب سەرێ گۆتنێ دگرت و دبر ب سیاسەتا شەری ڤە گرێ ددا و وەک بەردەڤکێ وان خەبەر ددا» (سەرچاوەی پێشوو: ١٨). ئەو گەرەکیە چەوتیی تێگەیشتنی خوشک و باوکی دەربخات و سووچ و تاوانی دەسەڵاتدارانیان بۆ ئاشکرا بکات، بەڵام چ ئاکامی نابێت و ئەمە دەبێتە هۆی تووڕەیی و بەرپەرچدانەوەی توندی. بۆیە، لە دژی هەڵسوکەوتی چەوسێنەرانەی باوکی، وەک پەرەپێدەرێکی ئایدیۆلۆجیی زاڵ، هەڵوێست دەنوێنێت و هەڕەشەی تەڤلیبوونی بزووتنەوەی دژەدەوڵەتی لێدەکات؛ «ژ وێ رۆژا کو ژ باڤێ من رە گۆتبوو: "ئەزێ دەڤ ژ هەر تشتی بەردم و هەرم بگهیژم وان" و پێ ڤە، باڤێ من بووبوو یەکی دن» (٢٠).

لە نێو بازنەی ئایدیۆلۆجیدا، «ئەویدی بەردەوام داوای کاری زیاتر لە سووژە دەکات و ئەمیش دەیکات. هەر وەک چۆن ناسنامەی سووژە بە زۆری لە لایەن خودی ئایدیۆلۆجیکەوە بەڕێوە دەچێ، هەر بە هەمان شێوەش خودی ئایدیۆلۆجیک بۆخۆی کۆیلەی دەستی ئەویدیی گەورەی دەرەکی یان ناوەکییە» (سەجادی، ٢٠١٦: ٩٩). مەراسیم سووژەیەکی بچووکە کە هەردەم دەیەوێت خۆی بگەیەنێتە پێگەی سووژەی گەورە. ئەو هەموو هەوڵێکی بۆ خۆتورکاندنە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە حاشا لە ناسنامە و کوردبوونی خۆی دەکات، بەردەوام هەر وەک بندەستێک سەیر دەکرێت. وەک سەرتاج دەڵێت، «ئەز چ ب خوە، چ ب روویێ خوە، چ ب دەنگێ خوە، چ ب دەڤۆکا خوە، چ ب هەڤۆکا خوە بکم ژی، نابم یەک ژ وان» (Ozmen, 2010: 120). بە واتایەکی ڕوونتر، «چەندی ئەز شێوەیێ ئاخافتنا خوە بگوهەرینم ... ئەز هەر ئەزم، دیسان جاهیل و نەزانم، دیسان دژمن و نەیارم، دیسان تەرۆریستەکی بێئەیارم د چاڤێ وان دە» (هەمان). «کەواتە بەردەوام دابڕان و بۆشاییەک هەیە لە نێوان سووژەی بچووک و گەورەدا، بە چەشنێ کە سووژەی بچووک هەرگیز ناتوانێت مۆرکی سووژەی گەورە لە لایەن ئایدیۆلۆجییەوە لەخۆ بگرێت» (سەجادی، ٢٠١٦: ٩٥).

یاسەمین دژی پەیوەندیی نێوان مەراسیم و مامۆستای ویژەی تورکییەکەیەتی لە زانکۆدا و هەمیشە لە مەترسیی ئەو پەیوەندییە ئاگاداری دەکاتەوە و پێیدەڵێت «تو ژی دەمیرباشێ ئۆندەری» (Ozmen, 2010: 11)؛ واتە، تۆ وەک کەلوپەلی نووسینگەکەی وایت و دوای ماوەیەک ڕادەستی ئەرکدارێکی ترت دەکات. هەر ئاوەهاش دەبێت و ئۆندەر پشتی ماوەیەک چێژلێوەرگرتن، وازی لێدەهێنێت. ئۆندەر و مەراسیم هێمای دوو لایەنی سەردەست-بندەست و پیشاندەری پەیوەندیی نێوان سووژەیەکی دەسەڵاتداری خاوەنبەرژەوەندی و سووژەیەکی ملکەچی بێدەسەڵاتە. ئەم ڕاستییە لە بەشداریی ئۆندەر لە پەنێلێکی ڕێکخستووی ئا.د.د (کۆمەڵەی ڕامیاریی ئاتاتورکپارێز)دا بەرچاوە (سەرچاوەی پێشوو: ١٧). هەروەها بەکارهێنانی پاشناوی «پاشا» بۆ ئۆندەر، ئاماژەیە بۆ باڵادەستیی ناوبراو. کاتێک مەراسیم باس لە خۆبەدەستەوەدان و پێبەخشینی کچێنی خۆی دەکات، پەیوەندیی چەوسێنەرانەی نێوانیان بە باشترین شێوە دەنوێنرێتەوە: «کێف کێفا وی بوو گاڤا ب هەستێن مێرەکی بسەرکەتی کنجێن خوە ل خوە کربوو. ئەز بێلەپت و لڤ مابووم د قادا شەری دە، بێدەنگ و بێحس، نەچار و شکەستی» (١٨). ئەم دیمەنە، وێنەیەکی نێو ئاوێنەی ڕوو لە جیهانی واقعە کە شێوەی مامەڵەی سووژەی دەسەڵاتدار لەگەڵ سووژەی تەنانەت دەستەمۆ و دڵخوازی خۆیمان پیشان دەدات. لە بەرامبەر ئەم ڕەوشەدا، سەرتاج، وەک سووژەیەکی سەربزێو و بەرەنگار، ئاواتە وەدینەهاتووەکانی بەم چەشنە وێنا دەکات:

وەلاتەک هەبوو ب ناڤێ کوردستانێ و ئەو ل مەزنترین باژارێ وی وەلاتی ژ دایک بووبوو، ل باژارێ ئامەدا قەدیم. ئامەد کو سۆرگولا کوردستانێ بوو، ئەو هەلبەستەکە قەوی، مێژوویەکە خوەراگرتی و رابردوویەکە سەرگەڤەز بوو، بەری کو ببە کریستال و ئەلیف-لام-میم. وی دایکەک و باڤەک وەلاتپارێز هەبوو، خوەندا و تێگهشتی. ناڤێ دایکا وی زارشیرینێ، ناڤێ باڤێ وی ژی میرۆ بوو... دو خوشک (هەڤۆک و رەڤۆک) و دو برایێن وی یێن ژێ بچووکتر (سەردەست و کاوا) هەبوون و ئەو ژی د رێیا دێ و باڤێ خوە دە بوون. ژخوە ناڤێ وی ژی نە سەرتاج بوو... ناڤێ وی، ناڤێ کو باڤێ وی لێ کربوو فەرهەنگ بوو. فەرهەنگ ناڤەکی ب کوردی بوو و گەلەکی لێ دچوو. رۆژا کو ژ دایک بووبوو، فەرهەنگنووسەکی ناڤداری کورد ل سەر داخوازا باڤێ وی هین ئەو ل زانینگەهێ، د گوهێ وی یێ راستێ دە دوسەد پەیڤێن «مێ»، د گوهێ وی یێ چەپێ دە ژی دوسەد پەیڤێن «نێر» ژمارتبوون ژ فەرهەنگا خوە یا دەوڵەمەند. (Ozmen, 2010: 111-2)

ئەم دێڕانە بەشێکن لە جیهانی خەونەکانی سەرتاج، کە ئێستا لەبەر شلەژاویی دەروونی لە بن چاودێریی پزیشکدایە. ئەو لە بەرسڤی پرسیارەکانی دوکتۆر سارین-دا، ڕاستی و خەیاڵی لێتێکدەچێت و ژیان، چیرۆکە ناتەواوەکەی و هەروەها خەونەکانی تێکەڵ دەکات. سەرتاج، کە کوڕی زەکیە و فەتحی پۆستەچییە و لەگەڵ برایەکی ئاوەزناتەواوی گەورەتر و خوشکێکی چکۆلەتریدا، بە هەژاری لە گەڕەکی ژێرینی شاری هەزەخدا دەژین، بەپێی خەونەکانی، لە کوردستانێکی ئازاد و خوەدی ماف و زمان و لە نێو ماڵباتێکی تێگەیشتووی نیشتمانپەروەردا گەورە بووە و ئێستا نەک چل ساڵان، بەڵکوو بیست و چوار ساڵیەتی و بە هاندانی باوکی، بە نووسینی چیرۆک بە زمانی کوردییەوە سەرقاڵە. ناوبراو لە دنیای واقعیشدا، بە پێچەوانەی زۆرینەی زۆری هاوزمانەکانی، ئەوینداری زمانی کوردی و ئاواتەخوازی گەشەسەندنی نووسین بەم زمانەیە. ئەم هۆگری و هیوایەی لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە؛ بۆ نموونە لە گەشتەکەیدا بۆ ئاڵمانیا، کە وەک نووسەرێکی سەرکەوتووی کورد بانگهێشت و خەڵات دەکرێت (ئەڵبەت دەکرێت ئەم ڕووداوەش، نەک بە ڕاستییەکی ژیانی، بەڵکوو وەک خەونێکی تری لێکبدرێتەوە)، ڕۆمانەکەی عەرەبێ شەمۆ لە خۆی جیا ناکاتەوە و تەنانەت لە کاتی خواردنەوەدا لە پێش چاویەوەیە (سەرچاوەی پێشوو: ١٤٦، ١٤٩، ١٥٤، ١٥٨). یەکێک لە هۆکارەکانی تێکچوونی دەروونی و تووشبوونی بە شیزۆفرێنیا، وەدینەهاتن ئاواتەکانی و بە پێچەوانەوە سەرکوتکردنیانە لە لایەن هەردوو دەزگای سەرکوت و ئایدیۆلۆجیکەوە؛ بۆیە، لە خەیاڵیدا دیسان سەرهەڵدەدەنەوە.

لە دنیای خەونەکانی سەرتاجدا سووژەی گوێلەمستی ئایدیۆلۆجی، بەو چەشنەی لە واقعی ژیانیدا گەلێک زۆرن، بوونی نییە. ئەو ناوی فەرهەنگ-ە و ئەندامی خێزانێکی خوێندەوار و تێگەیشتووە و باوکی دوکتۆرای فەلسەفەی هەیە. ناوی هەرهەموویان کوردییە و زمانی کوردی بۆ دایک و باوکی گرنگە؛ بە چەشنێ کە تەنانەت لە جێی بانگ، دووسەد پەیڤی نێر و مێی کوردییان بە گوێچکەیدا داوە. پەروەراندنی ئەم خەیاڵانە لە مێشکی سەرلەهەنگی ڕۆمانەکەدا، کە کەڵکەڵەی زمانی دایک و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیی هەیە، نیشانەی هیوابڕاوییەتی لە ڕووی ڕاستی ژیان؛ ڕاستی و واقعێک کە تێیدا کوردیئاخافتن، لە ڕوانگەی نەیارانەوە وەک تاوان و لە چاوی یارانەوە وەک دواکەوتوویی سەیر دەکرێت؛ واقعێک کە تێیدا کوردان شێلگیرانەتر و چالاکتر لە کارگێڕان و بەڕێوەبەرانی دەزگای سەرکوت و ئایدیۆلۆجیکی دەوڵەت، پێشبڕکێی بڕینی زمانی خۆیان بەڕێوە دەبەن؛ واقعێک کە تێیدا ئامانجی سەرتاج و هاوڕێیانی، ڕزگارکردنی باژاری ئامەد و هەموو «باژارێن تارستان» (١٣١) و بڕیاری وی «ڤەنەگەران هەتا ئازادیا وەلات» (١٠٠) بوو؛ کەچی نەک هەر سەرکەوتنی بە دواوە نەبوو، بێ هیوایی لە شۆڕش و دژایەتیی لێکەوتەوە؛ تا ئەو جێگایەی نەک هەر خەڵکەکە، تەنانەت پشیلەکانیش ڕقیان لە وشەی شۆڕشە (١٣٢).

پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمان، لە کاتی منداڵیدا، لە ژێر کارتێکەریی دەزگای ئایدیۆلۆجیکی فێرکاریدا پێڤاژۆی بەسووژەبوونی بەرەو تەکامولْ و تەواوبوون دەچوو؛ لە جەژن و ڕێوڕەسم و ڕێپێوانە دوڵەتییەکاندا بەشداری کردبوو، ئاڵای هەڵگرتبوو و «مینا لەشکەرەکی رەپوتەپ مەشیابوو، وی ژی ب قیرین گۆتبوو؛ "نەموتلو تورکووم دیەنە!" (خوەزی ب بتەختەوەرییا وی/وێ یێ/یا کو دبێژە ئەز ترکم) و چما ئەو نە "موتلو" (بەختەوار) بوو بۆ خوەدێ!؟)» (٦٠). ئەو لە خۆی و دەوروبەر و حەقیقەتی شار و وڵاتەکەی بێئاگا بوو؛ «وەلاتێ کو ب تەنێ د چەند کتێبێن کەڤنارا و یاساغ دە و ب شێوەیا هەلبەستێ هاتبوو گۆتن کو، کوردستانە» (٥٤). بەڵام خالۆی، دەبێتە بەربەستێک لە بەرامبەر ئایدیۆلۆجیی زاڵدا و شوێن لەسەر زەینی دادەنێت. دوایەش بە خوێندنەوەی کتێب و هەروەها دیتنی بارودۆخی خەڵک و هەڵسوکەوتی دەسەڵات لەگەڵیان، گومان لە واقعی نوێندراو دەکات و تێدەکۆشێت خۆی لە کۆتوبەندی ئایدیۆلۆجی ڕزگار بکات. ئاوەهایە کە لەگەڵ گەورەبوونی، لە ڕاوێژی باوک و دایک و مامۆستاکانی لەمەڕ تورکێتی و بەختەوەری، دڕدۆنگ دەبێت و لە دژیان سەرهەڵدەدات. بۆیە، بە تاوانی سەربزێوی و ملکەچنەکردن، لە لایەن دەسەڵاتەوە وەک سووژەیەکی نافەرمان دێتەناسین و بە شێوەی جۆراوجۆر سەرکوت دەکرێت.

سەرتاج، هاوکات لەگەڵ ملنەدانی بە ئایدیۆلۆجیی زاڵ و گوێنەدانی بە لێپێچینەوەی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان، وەک سووژەیەکی سەربزێوی تەنیای نێو گەلێک سووژەی دەستاژۆی دەوروبەری، دەبێتە ئامانجی هێرش و هەڕەشەی سووژەگەلی دەمارگرژی لایەنگری دەسەڵات، بە تایبەت مزگەوت و خێزان و خوێندنگە. نموونەی هەرە بەرچاوی سووژەی دەستەمۆی سەر بە ماڵبات، مام و مامۆژنین، کە هەمیشە و تەنانەت دوای کۆژرانی خالۆی، دەم لە خراپەوتن و گاڵتەپێکردنی داناخەن و بە «سەرهشک، بێعەقڵ، خاپێنراو و خەیاڵپەرست» ناوی دەهێنن (٥٧، ٨٢). سەرتاج ئەم بێڕێزییانە قبووڵ ناکات و لەگەڵیان بەشەڕ دێت؛ بۆیە، «دەست ب پرۆپاگاندایەکە قرێژ کربوون لە دژی وی، هەتا ب وێ کو چووبوون ئەمنیەتێ و ئیخبارا وی کربوون» (٨٣). کارتێکەریی دووانەی سەرکوت-ئایدیۆلۆجی لەسەر ئەندامانی بنەماڵەکەی بە جۆرێکە کە باوکی لە گەورەترین ژووری ماڵەکەیاندا وێنەیەکی گەورەی ئاتاتورکی هەڵواسیوە (٣٨).

پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمان، خولیای شێوەکاری و نیگارکێشان بوو؛ کەچی لەبەر ناچاری و زۆرلێکردنی باوکی، دەستبەرداری دەبێت و لە خوێندنگەی زانستە ئایینییەکانی «ئیمام خەتیبدا» دەبێت بە مامۆستا. ناوبراو بە باوکی دەڵێت: «تو ب دەستێ خوە کورێ خوە رێ دکی ناڤ میلیتانێن چاڤسۆر! ئەز و دین، ئەز و ئیمام خەتیب!؟» (٣٥). ئەو سەرەڕای ئەم هەلومەرجەی تێی کەوتووە، هەوڵ دەدات نەکەوێتە بەر کارتێکەریی لێپێچینەوەکانی دەزگای ئایینی؛ بۆیە نوێژ ناکا و ڕۆژوو ناگرێت و بەگشتی خۆی لە پراکتیس و کردە ئایینییەکان بەدوور دەگرێت. ناوبراو وەکوو سووژەیەکی خۆلادەر لە ئایدیۆلۆجیی زاڵ، بە فامکردنی هەماهەنگیی و هاوئاراستەیی دەوڵەت و دامودەزگای ئایینی، لە کۆمەڵگەیەکی نغرۆی ئایین و لیپاولیپی سووژەی ملکەچی ئیمانتەوەردا، هەوڵی خۆدەربازکردن دەدات و ئەم ململانێیەی بە درێژایی ڕۆمانەکە بەردەوامە. جاریش وایە ترس و گومانی بەسەرداسەپێنراوی خێزان و خوێندنگە لە ناخیدا سەرهەڵدەدەنەوە و پەلکێشی لای قورئانەکەی عەلی عوسمان-ی خوێندکاری دەکەن، کە وەک دیارییەک بۆی هێنابوو (٦٨، ٨٩، ١٣٧)؛ کەچی کەڵکەڵەی زمانی دایک دایدەچڵەکێنێت؛ چاو لە کتێبخانەکەی دەکات و بە بینینی ژمارەی کەمی کتێبە کوردییەکان، دەڵێت «هینا ژی کێمن» و بیر لە چیرۆکە دوارۆژنادیارەکەی خۆی دەکاتەوە کە هێشتا نەیتوانیوە تەواوی بکات (٧٥). ملکەچنەبوونی سەرتاج بۆ ئەم دەزگایە و گرنگیدانی بە پرسی نەتەوە و زمان و هەروەها بەرخۆدانی لە هەمبەر سووژە دەستەمۆکاندا، بەرەوڕووی شیری تیژ و دوو فاقی سەرکوت و ئایدیۆلۆجیی ئایینیی دەکاتەوە و لە کۆتاییدا بە هاندانی بناژۆخوازانی ئایینی، بە دەستی عەلی عوسمان-ی خوێندکار و هەروەها هاوڕێی دواتری خۆی، دەکوژرێت.

**۵ ـ ئەنجام**

ڕۆمانی *پێشبازیا چیرۆکێن نەقەدیایی* نموونەیەکی باشی پیشاندەری ڕەوشی کوردان و هەروەها زمانی کوردییە لە تورکیا. وەک دەزانین، لەم پارچەیەدا، نزیکەی سەدەیەکە زمانی کوردی پەراوێزخراوە و زۆرجاریش بەرەوڕووی سیاسەتی زمانکوژی بووەتەوە. لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی دەزگای سەرکوتی دەوڵەت لەم پەیوەندییەدا دەبینرێت، بەڵام، هەروەها کە ئاڵتوسێر جەختی لەسەر دەکاتەوە، توندوتیژیی ئاشکرا تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت ئامانجەکان دەپێکێت و بەردەوامیی ڕەوشی ئامادە و بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندیی چەوسێنەرانەی نێوان دوو لایەنی سەردەست و بندەستی کۆمەڵگە، پێویستیی بە هێزێکی شاراوە و هەستپێنەکراوە، کە ئەویش ئایدیۆلۆجییە. وەک لەم ڕۆمانەدا بە تۆخی ڕەنگیداوەتەوە، دەوڵەت لە ڕێی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی خێزان و خوێندنگە و هەروەها دەزگایێن ئایینی و میدیاییەوە پێڤاژۆی لێپێچینەوەی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بردووە و سووژەی ملکەچ و دەستاژۆی وەهای چێ کردووە، کە دەمارگرژتر لە کارگێڕانی ئایدیۆلۆجیی زاڵ، بە مەبەستی پاکتاوکردنی زمانی خۆیان شێلگیرانە تێدەکۆشن و بەردەوام هەلومەرجی داسەپاو بەرهەم دەهێننەوە.

لە بەرامبەر فرەیەک سووژەی ملکەچدا، نموونەی دەگمەنی سووژەی بەرەنگار و سەربزێویش دەبینین کە ملکەچی ئایدیۆلۆجیی زاڵی دەسەڵاتداران نابن و داوی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان دەپچڕێنن و گوێ بە لێپێچینەوەکان نادەن؛ بۆیە، دەوڵەت مۆرکی ئاژاوەگێڕیان لە نێوچاوان دەدات و لە ڕێی دەزگای سەرکوتەوە و بە یارمەتیی دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکان دەنگیان کپ دەکات. پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمان، وەک سووژەیەکی سەربزێو، هەوڵی پاراستن و پێشخستنی زمانی خۆی دەدات؛ بەڵام بە هۆی ئەشکەنجەی دەزگای سەرکوت و دەزگا ئایدیۆلۆجیکەکانی سەر بە بنەماڵە، ئایین و فێرکارییەوە تووشی شڵەژاویی دەروونی دەبێت و لە کۆتاییدا بە دەستی سووژەیەکی خاپێنراوی دەزگای ئایینی دەکوژرێت. بەسەرهاتی سەرتاج، ئەو ڕوانگەیەی ئاڵتوسێرمان بیر دەخاتەوە کە لە ململانێی نێوان سووژە و ئایدیۆلۆجیی زاڵدا، ئەوەی هەمیشە سەردەکەوێت، ئایدیۆلۆجی و چینی خاوەن ئایدیۆلۆجیی زاڵە. ئەڵبەت لەم ڕۆمانەدا پێویستە سەرنجی ئەم ڕاستییەش بدەین کە سەرتاج، ئەگەرچی سەری لە ڕێی ئامانجدا دەچێت و بە دەستی کۆنەخوێندکاری خۆی دەکوژرێت، بەڵام بە سەرنجدان بەوەی بکوژەکەی لە کۆتاییدا لە بن کاریگەریی بیر و بڕواکانی ئەودا، تەمی ئایدیۆلۆجیی پێش چاوی دەڕەوێتەوە و ڕووی ڕەشی هاندەرانی بۆ ئاشکرا دەبێت، دەتوانین بڵێین پەشیمانی و تێگەیشتنی ناوبراو، نیشانەی بەردەوامیی بیری بەرهەڵستکارانەی سەرلەهەنگ و نەکوژانەوەی هەست و هەڵوێستی بەرەنگاری و بەرخودانە.

**سەرچاوەکان**

کوردی

ئەحمەدزادە، هاشم (٢٠١٥). *جێهانی ڕۆمان*. سلێمانی: ئەندێشە.

ناوخۆش، سەلام (٢٠١٨). "لینگویسایدی و دیالێکتی کرمانجی باکوور لە قۆناغی کۆلۆنیالەوە". *ڕامان*، ژ. ٢٥٠، لل. ١٠٩-١١٥.

سەجادی، بەختیار (٢٠١٦). "خودی ئایدۆلۆجیک وەک بەڕێوەبەری ناسنامە". گۆڤاری *بیر و هزر*، س. ١، ژ. ١(خاکەلێوە)، لل. ٩٧-١٠٠.

شێخولئیسلامی، جەعفەر (٢٠١٨). "زمانناسیی کۆمەڵایەتی لە نووسینەکانی د. ئەمیر حەسەنپووردا". *دەروازە*، ژ. ٢ (نیسان)، لل. ٢٠٠-٢٢١.

Kurdî

Acar, Xeyrullah (2010). “Di Serdema Komara Tirkîyê Rewşa Kovarên Kurdî”. Le *Komete Witarî Yekemîn Koŕî Nêwneteweyî Edebî Kurdî*. Sine: Zanistgey Kurdistan, Twêjîngey Ziman û Edebî Kurdî.

Barak, Weysî (2002). “Siyasetên Zimannasîyê û Kurdîl”. Li *Konferansa li ser Zimanê Kurdî*. Koln: Weşanên Komkar, rr. 62-87.

Çîçek, Cuma (2013). *Zimanek Çima Tê Qedexekirin?: Polîtîkayên Zimanî û Rewşa Kurdî li Tirkiyeyê ji Înkarê Ber bi Nasînê*. Stenbol: Peywend.

Guler, Emîn (2019). *Karakter di Romana Kurmancî de: Girê Şêran, Mirina Bêsî, Pêşbaziya Çîrokên Neqediyayî, Qerebafon, Sobarto*. Teza Lîsansa Bilind bi şêwirmendiya Prof. Dr. Abdurrahman Adak, Şaxa Makezanista Ziman û Çanda Kurdî, Enstîtûya Zimanên Zindî yên li Tirkiyeyê, Zanîngeha Mardîn Artukluyê.

Opengîn, Ergîn (2014). “Repertûara Zimanî û Afirandina Edebî: Nirxandineke Zimannasî li Ser Edebiyata Kurmancî ya Hevçerx”. *Tîr û Armanc: Gotarên Rexneyî li ser Edebiyata Kurdî ya Modern*. Amadekar: Remezan Alan & Ergîn Opengîn. Stenbol: Peywend.

Ozmen, Şener (2010). *Pêşbaziya Cîrokên Neqediyayî*. Stenbol: Lîs.

Polat, Kazim (2015). *Êşa Zimanê Min*. Stenbol: Şemal.

Semed, Xelîl. “*Pêşbaziya Çîrokên Neqediyayî*”. http://www.amidakurd.net/ku/tekst/ [10 March 2019]

Seydo Aydogan, Îbrahîm (2014). *Guman 2: Wêjeya Kurdî û Romana Kurdî*. Stenbol: Rûpel.

2019]

Şêr, Ferzan. "Çîrokên Şenêr Yên Neqediyayî". http://www.academia.edu/3363233/ [14 March 2019]

Vural, Orhan. "*Pêşbaziya Çîrokên Neqediyayî* û Şener Ozmen". https://bendname.wordpress.com/2018/04/07/pesbaziya-ciroken-neqediyayi-u-sener-Ozmen/ [10 March 2019]

Zêdo, Çetoyê. "Notên ji *Pêşbaziya Çîrokên Neqediyayî*- Şener Ozmen" https://cetoyezedo.blogspot.com/2013/08/noten-ji-pesbaziya-ciroken-neqediyayi.html [11 March

English

Althusser, Louis (1971). "Ideology and Stete Ideological Appartus" in *Lenin and Philosophy and Other Essays*. Trans. Ben Brewster. New York: Monthly Review Press.

Malmisanij, M (2006). *The Past and the Present of Book Publishing in Kurdish Language in Turkey*. Next Page Foundation.

Oktem, Kerem (2008). "The Nation's Imprint: Demographic Engineering and the Change of Toponymes in Republican Turkey", *European Journal of Turkish Studies*, Thematic Issue, No. 7 | Demographic Engineering - part I, URL: http://www.ejts.org/document2243.html [26 October 2020]

Sadjadi, Seyed Bakhtiar (2010). *Investigating the Subject's Identity: The Critical Treatment of the Lacanian-Althusserian Dialectic and Subjectivity Formation in James Joyce's A Portrait of the Artist as a Young Man*. Exeter University.

Sadjadi, Bakhtiar & Alireza Ahmadirad (2018). "Subjectivity and Ideological Interpellation: An Althusserian Reading of Bozorg Alavi's *Her Eyes*". *International Journal of Applied linguistics & English Literature*, Volume 7, Issue 1 (January 05). pp. 203-210.

فارسی

بدیو، آلن (۱۳۸۸). «آلتوسر: سوبژکتیویته‌ای بدون سوژه». ترجمه صالح نجفی. *از آلن بدیو: فلسفه-سیاست-هنر-عشق*. گزینش و ترجمه مراد فرهادپور، صالح نجفی و علی عباس‌بیگی. تهران: رخداد نو.

برتنز، یوهانس ویلم (۱۳۸۸). *نظریه ادبی*. ترجمه فرزان سجودی. تهران: آهنگ دیگر.

بوردیو، پیر (۱۳۸۷). *دربارهٔ تلویزیون و سلطه ژورنالیسم*. ترجمه ناصر فکوهی. تهران: آشیان.

پین، مایکل (۱۳۷۹). *بارت، فوکو، آلتوسر*. ترجمه پیام یزدانجو. تهران: نشر مرکز.

تاج بخش، پروین و سمیه قاسمی‌پور (۱۳۹۳). «بررسی داستان «بچه مردم» جلال آل احمد بر مبنای نظریه ایدئولوژی آلتوسر». نشریه *ادب و زبان*، دانشگاه باهنر کرمان، س. ۱۷، ش. ۳۵ ( بهار و تابستان)، صص. ۹۹-۱۱۸.

صادقی، امیرحسین (۱۳۸۷). «پدرسالاری در *بامداد خمار* با تکیه بر نظریات آلتوسر». *پژوهش زبان‌های خارجی*، ش. ٤٦ (پاییز)، صص. ۱۰۰-۸۵.

صفایی، علی و الهام کارگر (۱۳۹۵). «بررسی گفتمان آموزشی داستان «لبخند انار» هوشنگ مرادی کرمانی بر مبنای نظریه ایدئولوژی آلتوسر». نشریه *ادب و زبان*، دانشگاه باهنر کرمان، س. ۱۹، ش. ٤۰ (پاییز و زمستان)، صص. ٤۳٦-٤٤۲.

فرتر، لوک (۱۳۹۲). *لویی آلتوسر*. ترجمه امیر احمدی آریان، چاپ دوم. تهران: نشر مرکز.